# شازادە

ئەم نوسراوەیە لە سەدەی شانزەهەمەوە تا ئێمڕۆ بووە لە

دەستووری زرنگ کاری !

نوسەری :

## نیکولو ماکیاڤیللی

شازادەی هەرە بەناوبانگی زرنگ کاری لە ئیتالیادا

وەرگێڕی :

## شوکر فەتاح

---

لە ریزە نوسراوانی زرنگ کاری ، ژمارە : ٦

سالی ١٩٦٦

(٢)

# پێشەکی :

## ئەم نووسراوە

ئەم نووسراوە ، [ شاهزادە ] ، کە ئێمڕۆ پێشکەشی خوێنەوارە بەڕێزەکانی کوردی دەکەم ، ئەمەندە لە جیهاندا بە ناوازەیی نایابی ناوبانگی دەرچووە ، هەر لەو ساڵەوە کە خاوەنەکەی ( نیکۆلۆ ماکیاڤیللی ) لە ساڵی ١٥١٣ دا دایناوە تا ئێمڕۆ بووەتە دەستووری زرنگ کاریی نووسەرەکەی ، ( نیکۆلۆ ماکیاڤیللی ) لە سەردەمی خۆیدا ، لە پیاوانی ( فەرمانداری ) و ( ڕاستی پەرستیی زرنگ کاری ) ژمێردراوە . لە ساڵی ١٤٦٩ دا لە ئیتالیادا لە دایک بووە . لە ( کۆماری فلۆرەنسە ) دا گەیشتۆتە بلندترین پایەی فەرمانداری . لە پاشا خانەدانی

institut kurde de paris

(میدیتشی) ، دڵیان لێ گرمێ کردووە و، لە فەرمان دەستیان

لێکشیاوەتەوە و، لەو ناوچەیەشی لێ یان بردووە، بەڵام

زۆری پێ نەچووە، خۆی لەگەڵیانا پێکی هەستۆتەوە و، چووەتە

هێمنی خۆی. چەند نووسراوێکی هەیە لە بابەتی «هونەری شەڕ

کردن» و «مێژووی فەڕەنسە»وە. ئەم نووسراوی

«شاهزادە»ی دوایی نووسراوی بووە، کە لە ساڵی ١٥١٢ دا

دانیاوە. بەڵام تا ساڵی ١٥٣٢ بڵاو نەکرابووەوە. واتە لە

پاش مردنی خۆی بە ٥ پێنج ساڵ بڵاو کرابووەوە.

منیش کە پوختەی ئەم نووسراوەم لە گۆڤاری (کتابی) دا دی

شمارە (٠٠) ساڵی ١٩٥ کە بە زمانی عەرەبی چاپ کرابوو

وچاپیشی کرابوو لە (قاهیرە) لە خاکی (مصر)دا لەلایەن خاوەنی

کۆڤارەکە [illegible] (حلمی مراد) [illegible] بە باشتر زانی بیگۆڕێ بۆ سەر

زمانی کوردی. هیوادارم خوێنەرەوە خۆشەویستەکانمان

کەڵک و خۆشییەکی لێ وەربگرن

لە بەرئەم نووسراوە لە ساڵانی رابوردوودا گەلێک نووسەر

لە جیهانی پێشکەوتوودا مشتومڕیان کردووە. هەندێکیان

هەموویان بردۆتە سەر بەرزی بیروباوەڕی نووسەرەکەی.

هەندێکیشیان هەموو ناوەڕۆکەکەیان پەسەند کردووە. ئەمیش

لە بۆ خۆی ئەم نووسراوە بەسە کە هەر لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە

تا ئێستا فەرمانڕەوانی جیهان کەڵکیان لێ وەرگرتووە و بەکاریان

هێناوە. هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە (ماکیا ڤیللی) بنچینەی لە

institut kurde de paris

جیهان دیدەیی وە فەرمانداری دیدەیی ی خۆی، لێکۆڵینەوەیەکی زۆری لە هونەری فەرمانداری و زرنگ کاری و فێربووە کردووە، ئینجا ئەم نووسراوە بە نرخەی داناوە، تا ببێتە رابەر بۆ هەموو فەرمانڕەوایەک لە جیهاندا و فێری هونەری فەرمانداری یان بکات.

ئەوەندەی پەیوەندیی بە بیروباوەڕی خۆیشمەوە هەیە دەربارەی ئەم نووسراوە: هەروەک سەرنجی لێ داوە (ماکیاڤیللی)، باوەڕی بە (بەخت) و (چارەنووس) هەیە! دەڵێ: ئامانج و بیروباوەڕی شاهزادە هەر دەبێ جەنگ بێ. ڕێگەیش دەدا بە شاهزادە، کە لە پێناوی پاراستنی فەرمانڕەوایی یەکەیدا، ئەگەر ناچار بوو، خراپیش بکات و، خوانەناسییش بنوێنێ و، لە دەستووری مەردایەتیش لابدات. ئینجا لەوە خەمی ئەوەیشی نەخواردووە کە چەند نموونەیەکی شاهزادانی باشی لە زۆر وڵاتی ئیسلامەکانی پێشوو خۆی بهێنێتەوە، وەک (عمری خطاب) و (عمری عبدالعزیز) و (صلاح الدینی ایوبی). دیارە من لەمانەیدا لەگەڵیدا نیم. چونکە پێچەوانەی ئایینی ئیسلامن. لەگەڵ ئەمەیشدا نووسراوەکە نرخی خۆی کەم نەکردووە. بە چاکترین نووسراویشی دادەنرێ کە لە بابەت (هونەری فەرمانداری)یەوە دواوە. (سلێمانی) ١٤-١-١٩٦٦ : لە خاوەنی پەروەردەی خوێندەواری کورد

شێخ محمد فتاح

نووسراوە وە بۆچاپکردن
١٩٨٧/٦/١٦

قرطاسية

# الزوراء

## دفتر المدرسي

| | | |
|---|---|---|
| Name | کاەزادە | الأسم |
| Class | نووسەری<br>نیکولۆ ماکیاڤیللی | الصف |
| School | | المدرسة |
| Subject | وەرگێڕی<br>شاکر فەتاح | المادة |
| Year | | السنة |

١١-١-٩٦٦

institut kurde de paris

## نامەی نامەیەک

لە نیکولو ماکیاڤێللی یەوە..

بۆ لۆرێنزۆی گەورە کوڕی پیێرۆ دی میدیتشی

«ئەوانەی ئەیانەوێ دڵی شازادەکان کێشی بکەن بۆ خۆیان، وا هاتون کە دیاریان بۆ بنێرن. دیاری یەکانیشیان یان شتێکی هەرە بەنرخی سامانیان ئەبێ. یا خود شتێکی هەرە ناوازەی وائەبێ کە شازادە دڵی پیا بچێ!.. بەڵام من هەرچەند سەرنجم لەو شتانەی کە هەمن، هیچ کامیکیانم لەوە نازدارتر و بەنرختر لە دۆزی یەوە، کە زانیاری خۆمتان پێشکەش بکەم لەبابەت کردەوەی گەورە پیاوانەوە. چونکە ئەم زانیاری یەم لەوەوە دەست کەوتوە، کە ماوەیەکی دوور و درێژ بەکارەساتی ئەم چەرخەوە خەریک بوم و سەرنجم لێ داون، هەروەها بە لێکۆڵینەوەیەکی بێ وچانیشەوە خەریک بوم لە مێژووی کۆن دا... منیش هەر ئەوەندەم لەدەست دێ کە لە ماوەیەکی بچکۆلەدا شارەزای ئەو هەمو کاروبارانەت بکەم کە خۆم فێریان بوم. بەلای خۆشمەوە وایە کە دیاری ی لەم گەورەترم لە دەست نایێ، پێشکەشی بکەم. چونکە تا ئەو شارەزایی یەم پەیدا کردوە، گەلێک گیروگرفتی هەژاری و نان بڕاوی و لێ کەسی و تەنگوچەڵەمەی کوشتم

institut.kurde.de.paris

«هاتووتە بەر ، کە ساڵانیان خایاندووە..
فەرمانداری ، پێویستە ، بەتەواوەتی شارەزای سروشتی ئەتەوە
بێ . هەروەها ژێردەستەکانیش پێویستە شارەزای
سروشتی سەرۆک و سەردار و فەرماندارەکانی خۆیان بن !» ..

## جۆرەکانی فەرمانڕەوایی و شێوەی دامەزراندنیان

ئەو فەرمانڕەوایانەی لە ڕەگەزی مرۆڤ یان حەشرەتە
ژێر چنگی خۆیانەوە ، لە کۆنەوە تا ئێستە ، دوو جۆرن :
جۆرێکیان لە شێوەی «کۆماری» دان . جۆرێکیشیان لە
شێوەی «خونکاری» دان .. «خونکاری» ئەش یان پشت
بە پشت ، بۆنەوەی خونکار نشینە وەیە . واتا تا چەند
ماوەیەك ، خونکارەکان ، هەر لە یەك خێزانەوە دێنە
سەر تەخت . یاخود خونکارییەکی تازە دامەزراوە . ئەم
خونکارییە تازە دامەزراوەش ، یان تەواو تازەیە . یاخود
هەروەك «ئەندامی تازە» وایە و خراوەتە سەر ئەو خاکانەی
کە بۆ شازادە لە باوکییەوە لەپاش بەجێ ماون .. ئەو
خاکانەش کەلەم جۆرە بابەتە بن ، یان بە فەرمانداری ی
شازادەیەکی ترەوە لەوە پێش ڕاهاتوون ، یاخود لەو

insititut kurde de paris

خاکانە بوون کە سەربەخۆبوون ، بەڵام بە زەبری جەنگ خراونەتە
سەر خاکەکانی شازادە . یاخود هەر بەهۆی بەختەوە ، کەوتونەتە
ژێر خێڵی شازادەوە ، یان بە هۆی هێز و توانای تایبەتی خۆیەوە
توانیویتی ئەو خاکانەی دەست بکەوێ .
لێرەدا لە بابەتی کۆمارەکانەوە قسە ناکەم . تەنیا لە خۆنکاری
یەکان ئەدوێم . جا لە پێش هەموو شتێکدا ئەوە ئەڵێم :
کە پاراستنی ئەو فەرمانڕەوایی یانەی لە باوکەوە بە جێماون و
ڕاهاتون بە ژێردەستیی خێزانێکی خۆنکاری یەوە ،
گەلێک ئاسانترە لە پاراستنی خۆنکاری یە تازەکان ..
هەر ئەوەندەی بەسە کە شازادە لە ئەندازەی دەسەڵات
و شێوەی باوک و باپیری خۆی تێپەڕ نەکات و خۆشی بۆ هەموو
ڕووداوێکی ناکاو ئامادە بکات . ئیتر ئەتوانی خۆنکاری یە
کەی خۆی بپارێزێ . ئینجا ئەگەر هێزێکی بە هێز لە ئەندازەی
لێی پەیدا بێ و لە ناکاو بێت بە سەریا ، ئەوە شتێکی جیاوازە !..
تەنانەت لە ڕووداوی کارەساتێکی واشدا ، شا
زادە ، لەوەی ئەکرێ ، خاکەکەی خۆی بسێنێتەوە . هەر
ئەوەندە داگیرکەر کارەساتێکی ناهەمواری بچوکی لێ ڕوویدات
کە بەدبەختی تیادیار بێ ، شازادە ئەتوانێ خاکەکەی
خۆی لە داگیرکەر بسێنێتەوە .. ئەوەشی دیارە کە شازادە

institut kurde de paris

ئەتوانێ دڵی بێنێتەوە لەی خوی کەسێ بکات ، ئەگەر کاروکردەوەیەکی
وا ئەنوێنێ کە زیان بێنێتەوە لەی خوی بگەیێنێ و دڵی بڕەنجێنێ ..
بەلام لەو خاکەدا کە خوێکاری تازەی تیا دامەزراب ، بەراستی گیرو
گرفت زور روو ئەدات . چونکە لەپێش هەموشتێکا ، ئەگەر
خاکە خوێکاریەکە تەواو تازە نەبێت ، بەلام ئەندامێک بێ لە
فەرمان رەوایی یەکەدا ، هەر لەسەرەتاوە ، بە هوی پەیدابوونی
گیروگرفتێکی سوور وشتێکە لە خاکە داگیرکراوە تازەکان دا
روو ئەدا ، ئەوەندە پەیدا ئەبێ .. گیروگرفتەکەیش
ئەوەیە لە بێنتەوە بویەکا سەردارەکەی خوی ئەگۆڕێ ،
تا بکەوێتە خوشی و کامەرانی یەوە ، بەلام لەدی یان سەردارە
کانیان هەواشەیان کردون ، لێیان هەڵ ئەگەڕێنەوە ..
ئەگینا ئەگەر بارەکەیان چاکتری لێ هاتایە وایان نەئەکرد!.
بەم رەنگە ، هەر کەسێ لەرووی داگیرکردنی خاکەکەیەوە زیانی
لێ کەوتێ ، قینت لێ هەڵئەگرێ و ئەبێتە دوژمنت .
هەروەها دوستایەتی ئەوانەشت لێ لائەگرێ ، کە
یارمەتی یان داویت لە داگیرکردنی نیشتمانەکەیان دا . هوی
ئەمەش ئەوەیە کە تو لەتوانا تا نیە هەموو ئاواتێکی ئەوانە
بهێنیتە دی ، هەموو ئارەزوویەکیان بەجێ بهێنیت هەروەهاش
ناتوانیت لێیان راپەڕیت وەجێ بپولیستە لو کەلکی گشتی

institut kurde de paris

لێیان بکەوێت ، چونکە چاکیان بەسەرتەوە هەیە !.
چاکەبەرێتەوە ، هێزی لەشکرەکانت هەرچەندێ گەورەش بێ
تۆ هەمووەم ناچاریت دڵی ئەو خاکانە بگریت کە ئەتەوێ
لەژێر حکمتا بهێنیتەوە !..

## لەسنووری ئاوەدان کردنەوە و فەرمانڕەوایی داگیرکردن !

ئەمیش ئاشتە ، کە ئەو خاکانەی شۆڕشیان تیا هەڵساوە ، لەپاش کوژاندنەوەی شۆڕشەکەیان ، بە ئاسانی لەدەست دەرناچن . چونکە فەرماندار ، کەکەوتە ئەم بارەوە ، زۆرێ هۆگری تەختەکەی خۆی ئەبێ و باشتر بەهێزی ئەکات . ئەوەیشی بەوە جێبەجێ ئەکات ، کە هەرکەسێکی دڵی ئاشت بووەوە سەری پان ئەکاتەوە . هەرکارێکیشی پێچوپەنای تیا کەوت ، ئەکەوێتە بنجوبناوانیەوە تا رۆشنی ئەکاتەوە . لەهەر لایەکیشەوە گرێی دڵی ، چارەی ئەکات و بەهێزیشی ئەکاتەوە !..

ئەبێ ئەوەیش بزانی ، کە ئەو فەرمانڕەوایانەی ئەخرێنە سەر فەرمانڕەوایی یەکی تر کەلەوەپێش سەربەخۆبووە وئەگرین بەیەک فەرمانڕەوایی ، یان ئەوەتا لە رەگەز و زمان دا لەگەڵ ئەم فەرمانڕەواییەدا یەکە ، یان ئەوەتا لە رەگەزە

institut kurde de paris

زمانەدا لەگەڵیا یەک نیە. ئەگەر هاتو وەگەڕ وزمانیان یەک بوو،
بەتایبەتی ئەگەر لەوەپێش بەئازادی بەوە ڕانەهاتبێ، بەئاسانی
ملکەچی فەرمانداری ئەکەوێتە دەست فەرمان ڕەوایی بە
داگیرکەرەکە. بۆ داگیرکردنی فەرمان ڕەوایی ئەوەندە بەسە، کە
خێزانی سەردارەکانی لەناو ببرێن. ئیتر لەوە بەولاوە باری
کۆتی ئەو فەرمان ڕەوایییە گوێ پێ نادرێ. چونکە یەکێتی
ڕەووشت و کردەوەی هەردوولا، بەس بۆ ئەوەی کە ئەوندەوەی
لەژێر سێبەری سەردارە تازەکانیا، بەبێ دەنگی و سەنگی بەوە
بژی!.. لەبەر ئەوە هەرسەردارێکی خاکێکی وا داگیربکات
وبیەوێ لەدەستیا بمێنێتەوە، ئەبو لەسەر دوو شت بخاتە
پێش چاوی خۆی:
یەکەمیان ئەوەیە: کە خێزانی سەردارەکانی پێشووی ئەو خاکە لەناو
ببات.
دووەمیشیان ئەوەیە: کە دەست لەهیچ یاسایەک و هیچ باجێک
نەدات بیگۆڕێ..
بەلام کە خاکی داگیرکراو، لەزمان و یاسا و ڕەووشتدا
خودا جوێ بێ، گیروگرفتێکی زۆر لەوەی پێشوو گەورەتر
دێتە پێش دەمی شادا دەوە.. لەبەر ئەوە هەستیەوە
ئەو خاکە لەدەستدا، بەخشتێکی یار و تێکۆشانێکی بەکار

institut kurde de paris

گەورەکەی لێ ئەوێ ..

لە هەموو ڕێگایەک باشتر و پڕ هیواتر ئەوەیە ، کە شازادەی تازە
لە خاکە داگیرکراوەکەدا جێگایەک بۆ خۆی دابمەزرێنێ .. چونکە کە لەوێ
دابوو ، ئەتوانێ لەکەمانی خۆیدا هەست بە سەرەتای ئاژاوە و لێشێوێتی
یەکان بکات ، وە هەموو دەستێشی چارەیان بکات .. بێجگە لەوە ، ئەو
خاکەیشی ناهێڵێ بە دەست پیاوەکانتی تالانی بکەن . چونکە
دانیشتوانی ئەو خاکە ئەتوانن ڕاستە وڕاست چاویان بە خۆی
بکەوێ و ئەوەی پێویستیانە دەستیان بکەوێ . هەروەها
کە شازادە دوێتی لەو خاکەدا مایەوە و جێگیربوو ، ئیتر
فەرمان ڕەوایی یەکی بێگانەیشی لێ چاوی بڕبێتە ئەو
خاکە ، ئەوە ئەوە هەلیەی بۆ ناکات !..

بێجگە لەوە ڕێگایەکی تریش هەیە بۆ ڕاگرتنی فەرمانداری لە خاکی تازە
داگیرکراودا ، هەروەها بۆ پاراستنی . ئەویش دامەزراندنی
هەوارگەی ئاوەدانی یە لە شوێنێک دوو شوێنی گەورەی
ئەو خاکە داگیرکراوەدا . شازادە چەند کەسێک لە تیرەی
دەستەنەژادەکانی خۆی لەو شوێنانەدا دائەمەزرێنێ .
شازادە بە هۆی ئەوەوە ، هێزێکی سوپایی زۆری
بۆ ئەگەڕێتەوە کە لەوێدا بیانهێڵێتەوە !. دامەزراندنی ئەم
جۆرە هەوارگەی ئاوەدانیانەیش لەو خاکە داگیرکراوەدا ،

institut kurde de paris

ئەوەندە نابێتە ئەرک بەسەر شازادەوە. زیانیشی هەر
لە خاوەن زەوی و خانووانە ئەکەوێ کە شازادە لێیان
ئەسێنێ و ئەیدا بەو نیشتەلییە تازانە!.. ئەوانەی کە زیانیشیان
لێ ئەکەوێت بێچارەکەم دەرئەچن لەچاو نیشتەلییەکانی هەمو
فەرمان ڕەوایی بۆکردا. بێجگە لەوە هەژاری و ئاوارەیی بەلێشیان
یەکێ ئەوەیان ئەخات کە نەتوانن خەریە لەگەڵ شازادە دابکەن!
کەچی نیشتەلییەکانی تریش کە زیانیان لێنەکەوتوە، ئەترسن
لەوەی زیانیان لێ بدرێ و وەک ئەوانیشیان لێ بەسەر بێ
کە ئاوارە و لەفرو توونا کراون. چونکە ئەبێ ئاگامان لەوەش بێ
کە نەتەوە یان ئەبێ بەچاکی لەگەڵیان بجوولێنەوە، یان ئەبێ
زەبروزەنگیان لەگەڵدا بنوێنێ و لەناویان ببەن. ئەوەیشی
لەبەر ئەوەیە کە ئەگەر زیانێکی کەمیان لێ بدرێت، ڕەنگە هەڵبێنەوە
و تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. بەڵام ئەگەر زیانەکەیان بێحەد گەورە بو
ڕەنگە هیچیان لەدەست نەیەت تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. جا
لەبەر ئەوە، زۆر پێویستە کە ئەو زیانەی ئەیگەیێنن بە
کەسێک، ئەوەندە گەورە بێ، کە مەترسی ئەوەی لێ
نەکرێن تۆڵەی خۆیان لێ بکەنەوە!.. بەڵام دامەزراندنی
هێزێکی پاسەوان لەناو خاکێکی داگیرکراودا، کە هەوارگەی
ئاوەدان کردنەوەی تیا دانەمەزرابێ، ئەوەندە بەئەرک

ئەبێ بۆ فەرمان ڕەوایی داگیرکەر، کە هەرچی دەرامەتێکی لە خاکی داگیرکراو دەست ئەکەوێ ئەبێ لەودا بەخێی بکات. بێجگە لەوە ئەبێتە هۆی دڵشکاندنی ڕۆڵەکانی خاکە داگیرکراوەکەیش، کە زۆری پێ ناخۆشە هەرکەسێکی تیابێ ئەبێ بە دوژمن لە فەرمان ڕەوایی داگیرکەر.. جا مەترسی لە دوژمنانە ئەکرێ، کە هەر دەمێک ئامادەبوویان کرد تۆڵەی خۆیان لە شامزادەو فەرمان ڕەوایی کەم بکەنەوە!.

## ڕێگای بەهێز کردن!

بێجگە لەمە، هەرکەسێک فەرمانداری بەسەر فەرمان ڕەوایی یەکی بێگانەدا بکات، لەو شوێنانەدا کە لە سەرەوە ناومان بردن، پێویستە خۆی بکات بە پێشەوا و پشتیوانی ئەو فەرمان ڕەوایی یە دراوسێیانەی کە لە خۆی کەم هێزترن. هەروەها پێویستە بۆ ئەوەیش تێ بکۆشێ کە دراوسێیە هێزەکانی خۆی کز بکات. ئەبێ زۆر بە تەنگ ئەوەشەوە بێ، کە بێگانەیەکی لە خۆی بە هێزتر پەلاماری ئەو خاکەی ژێر دەستی نەدات.

دەستوورێشە وایە کە سەردارێکی بێگانەی بەهێز هاتە ناو خاکێکەوە، نیشتەنییەکی دەسەڵاتەکان لە خۆیانەوە

institut kurde de paris

لە بەر پشتیوانی . ئەوەلیش لەبەر ئەوەیە کە قینیان لەوانە هەڵگرتوە
کە زەبروزەنگیان بەسەردا نواندون .. لێرەدا شازادە
هەر ئەوەندەی لە سەرە، کە ئاگای لە خۆی بێ، ئەوەندە
ڕوویان نەداتێ، ئەوەندە دەسەڵاتیان لێ نەبەخشێ
کە لەخۆیان بایی ببن وڵەی هەڵگەڕێنەوە . هەروەها
بە هۆی ئەو هێزەوە کە لەژێر چنگیایەو، بە هۆی کۆمەکی
ئەو پشتیوانانەوە، ئەتوانێ خاوەن هێزەکانی ئەتەوەکە
سەرەشکێنە بکات و لەبەر لوتیان بخات تا نەتوانن لێی
هەڵگەڕێنەوە و بەرەنگاری بکەن . هەر شازادە
یەکیش لە فەرمانداریدا ئەم یاسایە بەجێ نەگرێ،
زوری لێ ناچێ، هەرچی دەستی کەوتوە لە دەستی ئەچێ،
یاخود تا پایەرزگاری ئەو بەسەرهاتێ کە دەستی کەوتوە
هەر تووشی گیروگرفت وئەرک و ئازار ئەبێ !..
دەستورێکی گشتی تریش هەیە، کەم ڕێ ئەکەوێ، سەر
نەگرێ.. ئەویش ئەوەیە هەرکەسێ ببێ بەهۆی ئەوەی کە
یەکێکی تر بەهێز ببێ، ئەو بەوە خۆی سەرئەنگوێ ئەکات !
چا بە نمونەی ئەو گیروگرفتانەوە کە دێنە پێشی دەمی شازادە
، لەکاتی پاراستنی فەرمانڕەوایی یەکدا کە تازە خستوتیە
سەر فەرمانڕەوایی کەی خۆی، ڕەنگە هەندێک پرس

institut kurde de paris

بلێن : کەواتە ئەسکەندەری هەرە گەورە، چۆن توانی لە چەند
ساڵێکی کەم دا ببێتە گەورەی ئاسیا ؟.. هەر ئەوەندە ئەو خاکانەی
داگیر کرد، گیانی بە خاک سپارد. خۆ ئەبوو ئەو خاکانە هەموو
هەڵ بگەڕانایەوە... کەچی ئەو کەسانەی لە دوای ئەسکەندەرەوە
هاتن توانیان جێگە بگرن بە سەر کاروباری ئەو خاکانەدا و
هیچ گیروگرفتێکیشیان نەیێتە بەر. مەگەر هەر ئەوەندە
کە لەبەر چاوبرسێتی خۆیان کە وتنە بەربەرەکانێ لەگەڵ
یەکتردا و شەڕ و شۆڕیان لە ناو خۆیاندا دامەزراند !..
وەڵامی منیش بۆ ئەو پرسیارە ئەوەیە، کە ئەو خاکانەی
لە ناو مێژوودا ناسراون، بە یەکێک لەم دوو ڕێگایە
فەرمان ڕەوایی یان بە سەردا کراوە:
یان ئەوەتا فەرمان ڕەوایی یەکیان هەبووە، شازادەیەکی
بە سەرەوە بووە. چەند کەسێکیشی لە پیاوەکانی یارمەتی یان
داوە لە فەرمانڕەواییدا. وەک کاربەدەستەکانی کە لە سایەی
ئەوەوە و لە سەر ڕێ دانی ئەو کاروباریان هەڵسوو
ڕاندوە..
یا خود ئەوەتا فەرمان ڕەوایی یەکیان هەبووە، شازادە
یەکی بە سەرەوە بووە لەگەڵ چەند خانەدان و دەسەڵاتدارێکی
تردا کاروباریان بەڕێوە بردوە. بەڵام ئەو خانەدانە

institut kurde de paris

دەسەلاتدارانە لە سایەی ئەو شازادەوە نەبوە کە گەیشتونەتە
ئەو پایەیە، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە بوە کە خۆیان لە بنچینەدا خانە
دان و دەسەلاتدار بون، هەروەها خۆشیان خاوەن
خاک و نەتەوە بون کە پێیانەوە نوساون و ژێردەی
ئەوانیان پێ خۆش بوە.

لەبەر ئەوە ئەبینین کە شازادە، لە فەرمان رەوایی یەکەی
یەکەمیان دا خاوەن دەسەلات ترە، تا فەرمان رەوایی یەکەی
دووەمیان. چونکە لە فەرمان رەوایی یەکەمیان دا، هەر
ئەو شازادەیە بە گەورە دائەنرێ، کاربەدەستەکان و
خاوەن دەسەلاتەکانی تریش بە ژێردەستی ئەو دائەنرێن!..
فەرمان رەوایی «دارا» لە شاهەنشاهێتی یەکەی فارس دا،
لە جۆری فەرمان رەوایی یەکەمیان بو. لەبەر ئەوە ئەسکەندەر
ناچار بو ئەو فەرمان رەوایی یە بە تەواوەتی سەرەوژێر
بکات، تا بتوانی خاکەکانی یەک لە دوای یەک داگیر بکات.
هەر ئەوەندە سەرکەوت بەسەر «دارا» دا و «دارا»شی
مرد، ئەو خاکانە هەمو کەوتنە ژێر دەستی یەوە. ئەمەشی
سەبارەت بەوەیە کە لە ناوبردنی خونکار و خێزانەکەی، لەم
جۆرە فەرمان رەوایانە دا، سەرداران و خاوەن
هێزانی وا نامێنێتەوە کە مەترسی یان لێ بکرێ، یا خۆد نەترووە

institut kurde de paris

لە پشتیانەوە بڕوات!.. بەڵام هەرگیز ئەوە ڕێک ناکەوێ
کە بە ئاسانی یەکێ وەها خاکێکی وەک (فەرەنسە) یاخود
(ئیسپانیا) داگیربکری لەچەرخێکی وەک چەرخی شانزەهەم دا
چونکە لە هەردوو خاکەکان دا، خونکار هەیە و چەند خانە
دانێکی دەسەڵاتداریش هەن کە دانیشتوانی ناوچەکانیان،
دانیان پێ گەورەیی یاندا ناون و خۆشیان ئەوێن، هەر
کامێکیشیان بگیرێت ئەتوانێ پشت بە دانیشتوانی ناوچەکەی
خۆی ببەستێ و هەڵیان بگەڕێتەوە لە خونکار!!
کاتێ کە فەرمانڕەوایی یە داگیرکراوەکان وایان لێ دێ کە بتوانن
بە ئازادی بژین و پێ ڕەوی یاسا تایبەتی یەکانی خویان بکەن،
بە هۆی سێ شتەوە ئەتوانرێ بە داگیرکراوی بهێڵرێنەوە:
یەکەمیان ئەوەیە کە [illegible] لێ بەش بکرێن لە
دەسەڵاتەکانیان.
دووەمیان ئەوەیە: کە شازادە خۆی بچێتە ئەوێ لە
ناویان دابژی.
سێیەمیشیان ئەوە: کە ڕێ بدرێ بە پێی یاساکانی تایبەتی
خۆی بژی. بەڵام هەموو ساڵێک سەرانەی لێ بسێنرێ. جگە لەوە
فەرمانڕەوایی یەکی وایشی تیادا بچەسپێنرێ کە لە چەند کەسێکی کەمی
دانیشتوانی خۆی پێک هاتبێ، کە بتوانێ دڵسۆزی نەتەوەکە بۆ

institut kurde de paris

تۆ دەست بخات و ئەوەڵیشیان بخاتە دڵەوە کە فەرمانڕەوایی
لەیان بەبێ دۆستایەتیی تۆ و بەبێ پشتیوانیی تۆ سەرناگرێ
و خۆی بۆ ناپارێزرێ !.. چونکە چاکترین ڕێگا بۆ فەرمانڕەوایی
کردن بەسەر خاکێکدا، کە خووگری ئازادی بێت یا فێری بووە ڕاهاتبێ،
ئەوەیە کە فەرماندارییەکی بدرێتە دەست دانیشتوانی
خاکەکە خۆیان، بەم شێوەیەی لە پێشانمان دا، ئەگینا لە
دەست دەر ئەچێت !..

جا هەر کەسێ خاکێکی ئازاد داگیربکات و تێک ومەکانی نەدا
ئەبێ چاوەڕوانی ئەوە بێت کە خۆی لەناو بچێت. چونکە
خاکێکی وا هەمووده‌م ئاواتە خوازی ئەوەیە کە شۆڕش هەڵگیرسێنێ
بۆ دەست کەوتنەوەی ئازادیی خۆی، بۆ پێڕەوی کردنەوەی
یاساکانی کۆنی خۆی. چونکە ئەو بە وابەستی یەوە، بەو
یاسایانەوە ڕاهاتووە. نە تێپەڕینی ساڵەکان و نە دەست
کەوتنی کەڵک و چاکەکان، ئەو سەربەستی و یاسایانەی
لە بیر نابەنەوە.. بە پێچەوانەوە، نەتەوەی ناو ئەو خاکە
داگیرکراوە، تا ئەمێنن لە ژیاندا، هەر خووگری ئەو سەربەستی و
یاسایانە ئەبن و هەر بۆ دەست کەوتنەوەیان تێ ئەکۆشن.
مەگەر شازادەی تازە بتوانێ جیایان بکاتەوە لە
یەکتری و تەفروتوونایان بکات !..

institut kurde de paris

بەلام ئەو خاکەی کە وا ڕاهاتوە لەژێر فەرمانداری شازادەیەکدا
بژی ، کە ئەو شازادەیە بەخۆی وکەس وکارو خزمەتکەرەوە
بەچەپەڵکیان دەر هێنرا ولەناو بران ، دانیشتوانی ئەو خاکە
هەرچونێک بکەن بەگران لێیان هەڵئەسوڕێ یەک
بگرن و یەکێتی لەناو خۆیاندا هەڵبژێرن ، تا بکەن بە
کەوەی خۆیان . ئەوەیش سەبارەت بەوەیە کە لە دەمێکی دوورو
درێژەوە ڕاهاتون بە ژێردەستی یەوە و ، ئەو شازادە
یەپێشیان لەدەست چوە کە وەک ماران بیانبات
بەرلەوە . ئەوانە ڕانەهاتون بە ژیانێکی سەربەستانەوە .
لەبەر ئەوە لە شوێن هەڵگیراندن خۆیان ئەکێشنەوە
وتەگەرەی لێ ئەدەن . لەبەر ئەوە بە هەموو شازادە
یەک ئەوە بە ئاسانی پێک دێ کە بەسەریاندا
زاڵ بێ و بەتەواوەتی بیاخاتە ژێر خێکی خۆیەوە !..
بەلام لە خاکە کۆماری یەکان دا ، ژیان و هێزو هەڕەت
لەناو نەتەوەکانیاندا زۆرترە .. لەبەر ئەوە ئارەزووی
تۆڵەسەندنەوەیشی لەهی ئەوان زۆرترە . چونکە نەتەوە
کانیان لە توانایاندا نیە بیرەوەری ئازادی یە کۆنەکەی
خۆیان لە مێشکی خۆیان بکەنە دەرەوە !..
کەواتە چاکترین ڕێگا بۆ ئەوەی فەرمانداری یان بەسەر داگرێ

institut kurde de paris

ئەوەیە ، ئاڵۆکی بخرێتە ناویانەوە و تەفروتوونا بکرێن ، یاخود
شازادە لەناویاندا بمێنێتەوە و شڕی !..

## ئەو چاکەخوازانەی کە پشتیوانە سەرتەخت !

چاکە و فەرمانڕەوایی یە تازەیانەدا ، کە شازادەیەکی تازەیان
تیادا ئەمەزرێ بۆ ئاسانی دەسەڵات پەیدا کردن بە
سەریاندا لەسەر ئەوە بەندە کە شازادەکە خۆی
شازا و بەکار بێ ، چاکە بەر ئەوەی بەرز کردنەوەی کەسێکی
ئاسایی بۆ سەرتەختی شازادەیی یاخود فەرمانداری ،
هونەرمەندی یەکی گەورەی پێویستە ، یاخود ڕێکەوتێکی
باشی پێ ئەوێ ، ئەوانەی زۆرتر پشت بە هونەرمەندی و
شازایی و کارگوزاری خۆیان ئەبەستن ، نەک
بە بەخت و ڕێکەوت ، باشتر ئەتوانن خاکەکەی خۆیان
و فەرمانڕەوایی یەکەی خۆیان بپارێزن . من وام
دیتە بەرچاو ، ئەو سەرۆکە هەرە گەورانەی کە پشتیان بە
هونەرمەندی و کارگوزاری خۆیان بەستووە ، نەک بە
بەختی خۆیان ، ئەمانەن : «[redacted]» ، «کوریش»
دامەزرێنەری شاهنشاهی "فارس" ، «رومولوس»
دامەزرێنەری شاهنشاهی "روما" ، «تیسیوس»

Institut kurde de paris

دامەزرێنەری شاهەنشاهی گریکەکان لە «ئەثینا»دا.

هەرچەندە «موسا» لەژێر فەرمانی خوادابوو و بەجێی فەرمودەی ئەو ئەچوو بەڕێوە، بەلام لەوانەیە کە پیاو بە دڵ خۆشی بوێ وکردەوەکانی پەسەند بکات، چونکە هەر هیچ نەبێ ئەگەر هەلی نەکەوتایە خوا گفتوگۆی لەگەل نەئەکرد!.. هەر ئەبو «موسا»ی نەتەوەی «ئیسرائیل» لە باری بەندەلی دا بینێ، لە «مصر»دا، بو ئەوەی ئەوانیش خۆیان ئامادە بکەن و دوای بکەون تا لە دەست پێوەندی بەندەلی و ڕیسوایی رزگاریان بێ.

هەروەها پێویستیش بو کە «کورش» نەتەوەی فارسەکان ببینێ تولە بوول ئەکەن لە سەردارەکانی خۆیان کە لە خزانی «میدیا»یی یەکان بوون. هەروەها لە کزلی و ولی دەسەلاتی ئەو خونکارە میدیاییانیش شاوەزانێ کە خۆش گوزەرانی و ژیانی بەزم و رەزم دای ڕزاندبوون.

«تیسیوس»یش نەی ئەتوانی گەورەی هونەرمەندی و کارگوزاری خۆی دەربخات، ئەگەر دانیشتوانی شاری «ئەثینا»ی بە پارچەپارچەیی و ناکۆکی یەوە نەدیایە!.. کەواتە ڕوودانی ئەم کارەساتانە بوو، کە هەلی دەست ئەو پیاوە گەورانە خستبو ئەمەی گەورەیی خۆیان نیشان بدەن

institut kurde de paris

هەروەها کردەوە و ڕەوشتە بلیندەکانی ئەو گەورە پیاوانەش
بون کە یارمەتی یان دابون ، ئەو هەلانە لەدەست نەدەن و ،
دەست بکەن بە بەرز کردنەوەی نرخی نیشتمانەکانیان و جێگا
لیشیان بۆ پەیدا بکەن لەناو نیشتمانەکانی تری ناوجیهاندا !.
ئەو جۆرە پیاوانەش کە لە سایەی کردەوە و کاری خوانە
وە ئەچنە سەر ئەچن ، ئەمە ڕاستە کە ئەرك و ئازاریکی زۆر
یان دیتەری یاتا ئەگەن بە ئامانجی خۆیان ، بەلام کە ئەوەیان
بۆ چووە سەر ، ئەتوانن بە ئاسانی بیپارێزن . ئەو گیروگرفتانە
یشی کە دێنە بەر دەمیان لە کاتی وەدەست کەوتنی فەرمانداری یە
کەیاندا ، تائەندازەیەك لەوەوە پەیدا ئەبن ، کە ناچارئەبن
گەلیك یاساو لێڕەوی تازە دەربهێنن بۆ ئەمەی
جێگای خۆیانیان لێ قایم بکەن . چونکە ئەبێ ئەوەم
بزانین کە هیچ شتێك لەوە گرانتر جێبەجێ نابێ و توشی
هەڵوەشانەوە نایەت و ، چارەکردنی پڕ لە تەنگ و
چەڵەمە نیە ، وەك ئەوەی کە یاسایەکی تازە دابمەزرێنرێ .
چونکە پیاوی چاکەخوازو چارەسازی کاروباری گشتی ،
هەرکەسێ لەیاسای کۆن کەڵکی دەست کەوتبێ لێی ئەبێ
بە دوژمن . لێشێوانی وایشی دەست ناکەوێت ، ئەوانە
نەبن کە دوو دڵ بن و لەیاسای تازە کەڵك وەربگرن .

ئەم دوودڵییەش لەوەوە پەیدا ئەبێ بۆ ئەوانە، کە لە دوژمنەکانی خوێنان
ئەترسن، واتا لەوانەی کە یاساکانی کۆن بەکاریان ئەهاتن. هەروەها
لەوەشەوە پەیدا ئەبێ کە دڵنیا نین لە خۆیان ئەگەر و یاسا تازەیە
بەکەڵکیان دێ، تا یاساکە ئەکەوێتە گەڕ و تاقی ئەکرێتەوە.
جا لەبەر ئەوە، هەرچەند هەلێک هەڵ ئەکەوێ بۆ هوروژم
بردنە سەر چاکەخوازەکە، دوژمنەکانی بە گەرمیەوە پڕی
ئەدەنێ، کەچی پشتیوانەکانی بە سستییەکەوە لە سەری
ئەکەنەوە. خۆیشی لە ناوەند هەردوولایان دا ئەکەوێتە تەنگەوە
چەڵەمەیەکی هەرە خراپەوە. لەبەر ئەوە، وەک سەرنجی
ئەدەین، هەرچاکەخوازێ دەستی داتبێتە شیر سەرکەوتوە.
هەرچاکەخوازێکیش دەستی داتبێتە چەلک ژێرکەوتوە!..
هەروەها بە تەنیشت ئەم باپەتانەیشەوە کە لێیان دواین،
ئەوەمان دێتە پێش چاو، کە کردەوە و ڕەوشتی کەسان
لە هی یەکتر ناکەن، زوو زوویش ئەگۆڕێن. پیاو
ئەتوانێ بەئاسانی بیانخاتە سەر باوەڕی خۆی.
بەڵام بە گران ئەهێڵرێنەوە لە سەر ئەو باوەڕە
تازەیەیان!..

institut kurde de paris

## شازادەی تازە ئەبێ هیچ نەهات بۆ پێشاولەمەو پاشی خۆی !

ئەو هاوبەشتانی یە ئاسایی یانەی کە بە خت یاریدەیان ئەدات و دێنە سەر تەختی فەرمانداری ، ئەرک و ئازاریکی زوریان نایەتە ڕێ لەکاتی چوونە سەر تەختەکەیان دا . بەلام ئەرک و ئازاریکی زوریان دێتە بەر لە پاراستنی جێگاکانیان دا .

هەروەها ئەوانەشی کە بەسایەی پارەوە ئەگەنە ئەو پایە بلندە ، پشتیان بەوانە ئەستووە کە لە دل چاکی خوایانەوە بەرزیان کردونەتەوە بو ئەو جێگایانە . ئەمەیش سەبارەت بەوەیە کە ئەو لەسەر بە درێژایی تەمەنی خۆی وەك هاوبەشتانیکی ئاسایی ژیاوە ، هیچ شتێك لە شێوەی فەرمانداری نازانێ ، مەگەر بە جگار بلیمەت بێ ..

هەروەها پێی ناکرێ جێگاکەی خۆشی بپارێزێ ، چونکە هێز و پشتیوانی نیە ، دلسوزی بوی و لە کاتی تەنگانەدا پشتی بگرێ ..

بێجگە لەوە ، ئەو فەرمان ڕەوایەشی کە بە پەلەپەل دامەزرابێ ، لە توانایی دانابێ زور خوی ڕابگرێ . لەبەر ئەوە لە وانەیە ، هەر ڕووشێك هەڵبەکێ گەورە قەوما ، بەوڵەخویەوە لە ناو بچێ .. مەگەر ئەو کەسەی بوەتە شازادە بە سەریەوە ، بە جگار زوزان و بلیمەت بێ ، بە جگار هەڵکەوتوو بێ .

جا هەروەك لەوە پێش پێشانمان دا ، دەمەو دەست

Institut kurde de paris

دەست بکات بەو کارانەی کە دەستکەوتی بەختەکەی خۆی لێ بپارێزێ.
پاشی ئەوەش دەست بکات بە دامەزراندنی ئەو بنچینانە بۆ خۆی،
کە ئەوانەی پێش خۆی کردوویانە، لە پێش ئەمەی بێن بە
شازادە !.

جا بۆ هەر یەکێک لەم دوو بارە وێنەیەک ئەهێنمەوە. وێنەیە
کیان «سفورزا»یە. وێنەی لیتریان «سیزار بورجیا»یە.
«سفورزا» بە هۆی لێهاتوویی خۆیەوە، لە پیاوێکی
ئاسایی یەوە، بەرز بووەوە بوو بە گەورەی «میلان».
توانی بە تێکۆشانێکی کەمەوە، جێگاکەی خۆی بپارێزێت،
کە بە رەنج و کۆشەوەرییەکی زۆرەوە دەستی کەوتبوو !.

بەلام «بورجیا»ی گەورەی «فالنتین»، بە سایەی هێز و
دەسەلاتی باوکییەوە گەیشتە پایەی فەرمانداری. کاتێکە ئەو هێز و
دەسەلاتە کز بوون، ئەویش فەرمانداریەکەی خۆی لە دەست چوو.
کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچی پیاوێکی هوشیار و بە کار لە دەستی
بێت بەکاری هێنا، لەبەر ئەمەی جێگاکەی خۆی قایم بکات،
لەناو فەرمانڕەوایی یەک دا، کە فەرمانداری یەکەی
خۆی بە زەبری شیر و پیاوەتیی کەسانی تر، تیا دەست
کەوتبوو !. بەلێ وایە !.. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو بنچینانەی
دەستی کردبوو بە دامەزراندنیان بۆ پاراستنی دوارۆژی

institut kurde de paris

فەرمانداری یەکەی خۆی ، بەهێز بوون ، بەلام تیاسەرنەکەوت.
ئەویش لەبەر ئەوەنا کە تاوانی بوبێ ، بەڵکو هەر لەبەر ئەوەی
کە بەخت یاریدەی نەدا و زۆر دارشی لێ کرد!..
[ پاپا ئەسکەندەری شەشەم ] یش ، بۆ ئەمەی پاپێ کوڕەکەی خۆی
[ دوک سیزار ] بەرزکاتەوە ، ناچار بو خۆی بهاوێژێتە ناو
گێژاوێکی زۆرەوە ، چ بۆ ئەوڕۆژەی کوڕەکەی ، چ بۆ پاشەڕۆژی.
لەپیش هەموشیا ئەوەی هاتە بەرچاو ، کە خالێکی وای دەست
نەکەوێ ، کوڕەکەی بکاتە فەرمانداری ئەوێ . مەگەر خالێکی وای بۆ
هەڵبژێری کە لەناو خاکەکانی کلیسادابێ . « دوک میلان » و
دانیشتوانی شاری « ڤینیسیا » یش هەر چاویان بڕیبوە ئەو خاکە.
هەروەها ئەوەشی هاتە بەرچاو ، کە ئەو هێزە سوپاییانەی ئەتوانێ
یارمەتی ی بدەن ، لەژێر دەستی ئەوکەسانەدا بون کە لە پەرەسەندنی
دەسەلاتی پاپا » ئەترسان .. لەبەرئەوە ناچار بو ئاژاوە
بخاتە ناو فەرمانڕەوایی یەکانی ئیتالیاوە ، بۆ ئەمەی لە
هەندێکیان دەسەلات پەیدا بکات .. دانیشتوانی شاری
« ڤینیسیا » یش لەوە پێشی فەرەنسەیان بانگ کرد بۆ
کە بێنە ناو کاروباری ئیتالیاوە . پاپا لەوەدا بەرپەرچی
نەدانەوە . بەپێچەوانەی ئەوە ، دەستی کرد بە چەوساندنەوەی
سەربازەکانی خۆڵکاری فەرەنسە بۆ ئەمەی کاریکی وا بکەن

«سەرزار»ی گوری بەسەر ناوچەی [رومانیا] دا زاڵ بێ!..
پاشی ئەوەی «دوك سەرزار»، یەك بە یەك شازادە نووسینەکانی
داگیرکرد. هیچ خاکێکیان بەرامبەری یان نەکرد خاکی (تۆرسینی)
نەبێ. زۆری پێ نەچوو شۆڕشێك لە (تۆرسینو) داو ئاژاوەیەك
لە (رومانیا) دا رووی یان دا. بە یارمەتی فەرەنسزەکانەوە
بەسەریاندا زاڵ بوو، بەڵام هێزی ئەوەندە نەکرد کە هەڵیت
فەرەنسەوە بپەستێ. یان باوەڕ بە هێزی بێگانە نەهات..
لەبەر ئەوە وازی لە ئامانجەکانی خۆی هێنا، بە جۆرێکی واکە (تۆرسینی)
باوەڕی پێ کرد و لەگەڵیا ئاشت بووەوە. لەکاتێکا کە بە خوی
فرو فێڵەوە توانی پیشەواکانیان لەناو بیات، بەڵام توانیشی
پشتوانەکانی ئەو پیشەوایانە بنووسێتە خۆیەوە. بەم رەنگە
بنچینەیەکی باشی بۆ دەسەڵات پەیدا کرد لە خۆی دامەزراند.
(رومانیا) یشی زۆری پێ نەچوو لەگەڵیا ڕێك کەوت. تێکۆشا
دڵی دانیشتووەکانی ئەولیش ڕابگرێ.. چونکە سەرنجی دا ئەو خاکە
لەوە پێش لە ژێر چنگی سەردارانی کزولی دەسەڵاتدا بوون کە کاریان
هەر ئەوە بوە نەتەوە بچەوسێننەوە و ئاژاوە و ناکۆکی
یان بخەنە ناو [illegible] وە، سووك و ریسوا یشیان بکەن.
لەبەر ئەوە سەردارێکی بە خێڵ بەزەبرو زەنگی لە سەر دانا،
کە توانی لە ماوەیەکی کەمدا یەکی بخاتەوە و پاسا و ڕێکی و

institut kurde de paris

پێکیشی پیا دەهەژێنێتەوە. [دوك] وای هاتە پێشچاو
کە ئەو نەبەزی و نگەی نوێنرا لەو خاکەدا، لەوانەیە کەلێشم و قین
بخاتە ناو دلی نەتەوەکەوە. لەبەر ئەوە نیازی کرد، بە تەواوەتی
دلی نەتەوە کیشی لەکاتە لادی خوی. روژێك لە روژان، بەرە
بەیان بو، کە دانیشتوانی شارەکە لەخەو هەستان، لەسێ
سەردارەکەیان دەبڕراوە بە دوو کەرتەوە و فڕێدراوەتە
ناو کۆڕی گشتیەوە. خەنجەرێکی خوێناویشی بەتەنیشتیەوە
دانراوە! جا ئەم دیمەنە نەنگ و ناشرینە لە دووسەرەوە
وەکاری کردە دلی نەتەوەکە. بەلایەکەوە دلی خوش کرد بە
وەی کە لەو سەردارە دلرەقە رزگاری بوە. لەلایەکی
ترێشەوە چاوی نەتەوەکەی ترساند!..

ئیتر لەوە دوا پایەی [دوك] بە هێزتر لێ هات. چونکە
هێزی سوپایی لە پشتەوە بو. دەستی کرد بە کرکردنی ئەو
فەرمان رەوایانەی دەوستی، کە مەترسی لێ ئەکردن.
لەگەل هەندی فەرمان رەوایی ترێشدا، بە یەکانی دوستایەتی و
سوێند خواردنی گرێ دا.

لەگەل ئەوەشیدا لە دوا روژی خوی ئەترسا، کە شازادەیەکی
تازە پەیدابی و بچێتە سەر تەختی شازادە نوشتەکانی ئیردەکی
کلیسا. بو ئەمەی دەرەقەتی ئەوەشی بێ، چوار ڕێگای

institut kurde de paris

بوّدانا :

یەکەم ــ لەناوبردنی ئەوانەی کە سەر بە خێزانە سەردارەکانن و
خاڵەکانی لەژێر چنگ دەرهێناون .

دووەم ــ ڕەڵا گرتنی خانەدانەکانی ((رومانیا)) بوئەوەی هەر
((پاپا)) یەکی تر هات لەپاش باوکی لە ئەندازەی خویان
تێپەڕ نەکەن .

سێیەم ــ دەستکەوتنی گەورەترین دەسەڵات بەسەر
((کومەڵەی پاپەکان)) دا .

چوارەم ــ دەست کەوتنی گشت دەسەڵاتانە لە پێشی مردنی
پاپای باوکیا ، تا بتوانێ بەرەنگاری هەر هەموو
کارەساتێك بکات کە لە پاش مردنی باوکیەوە
روو بدات !..

بەلام کە پاپا مرد ، [دوك] نەخوشی یەکی کاریگەری گرت کە
وەك مردووی لێ کردبو !.. لەبەر ئەوە هەرچی باوکی بوی کردبو
بەکاری نەهات . چونکە ئەوە بەبیریا نەئەهات کە لەکاتی مردنی باوکیا
وەك مردووی لێ بێ !..

لەبەرئەمانە ، هەموویان ، من [دوك] م وانایە تەپیشی چاو کە هەڵ
بگرێ گلەیی ی لێ بکرێ یاخود سەرزەنشت بکرێ . بەپێچەوانەی
ئەوە ، بە نمونەیەکی دائەنێم کە پێویستە چاوی لێ بکرێ !..

institut kurde de paris

چونکە لەو باشتری نادۆزرێتەوە، کە شازادەیەکی تازە چاوی لێ بکات.
ئەو شازادەیەی کە وای بە باش زانی جێگای خۆی قایم بکات
بەرامبەر دوژمنەکانی خۆی. کە دۆست پەیدا بکات. کە بە هۆی
هێز و فروفێڵەوە دەسەڵات بۆ خۆی بسێنێ. کە نەتەوەش
والێ بکات لێی بترسێ و خۆشیشی بوێ. کە لەلایەن
سەربازەکانیشەوە مل کەچی بۆ بنوێنرێ و رێزیشی لێ بگیرێ.
کە هەر کەسێکیش پەرێی لێ بکات ئازاری ئەدات لەناوی ئەبات.
کە یاسایانی تازە دانێ لە جێی یاسایانی کۆن. کە بە وێ
دڵ رەقانەش خۆی پیشابدا و دڵ نەرمانەش. کە لەشکری
کۆن بڵاوە پێ بکات، بۆ ئەوەی لەشکرێکی تازە پێکەوە نێ.
کە پشتوانی حوکمداران و سەردارانی بیانی دەیەکی وەها بکات
بە دۆستی خۆی، کە ناچار بن هەرچی ئەویش ئەوێ بۆی بکەن و
لە وەی و ئازاردانیشی خۆیان لادەن.

## ئەوانەی بە هۆی زۆرزانی و ناپاکی خۆیانەوە سەرداریان دەست ئەکەوێ!

ئەوەندە هەیە کە چونە سەر تەخت هەر بە هۆی بەختەوەری کەوت و
کارگوزاری و کردەوەی رەووشتەوە دەست ناکەوێ.. سەردارانی
واهەن، کاری ننگ و زۆرداران ئەکەن تا ئەگەنە سەر تەخت..

institut kurde de paris

هەروەها هەواڵیان تیایە کە بە هۆی خۆشەویستی ی هاونشتمانە
کانی خۆیانەوە ئەچنە سەر تەخت، جا بۆ بابەتی یەکەمیان دوو
وێنە ئەهێنمەوە:

نمونەی یەکەمیان «ئاگاتۆکلیس»ی سیجلیالی یە. لە بنچینەدا لە
وەی بە هاونشتمانێکی ئاسایی دائەنرا، لە هەموو تافێکی ژینی
خۆیدا بە بەدلی و فزالی و شەڕ و ئاژاوەوە رایبواردبو.
بەلام ناپاکی یەکەکەی و بەد خوویی یەکەی، هێزێکی هۆش و هێزێکی
لەشی وای لەگەڵدابو، کە لە ئارمەتی یان دا زوو بە زوو پایەی بڵند
ببێتەوە لەناو لەشکری «سیراکیوز»دا. تاوای لێ هات بوو بە
سەرکردەی لەشکرەکە. ئینجا لەوساکەوە بڕیاری دا ببێتە
سەردار. بە نیازی بردەوەر [هامیلکار]، کە سەرکردەی
هەموو لەشکرەکانی [کارتاج] بو، کە لەو کاتەدا چوارلای
[سیجلیا]ی گرتبو. بەیانی یەکیان کۆڕی پیاساوانانی کومارەکەی کۆ
کردەوە. لە ژێریشەوە لەگەڵ یارمەتی دەرەکانی خۆیدا لەسەر ڕێ ڕەوی یە
ڕێک کەوتبو. دەمودەست لەسەر فەرمانی ئەو سەربازەکانی دەستیان
کرد بە کوشتنی ئەو ئەندامانە لەگەڵ کۆڕی ڕشوسی یەکان دا. لە دوای ئەوە
«ئاگاتوکلیس» خۆی کرد بە سەرداری شارەکە. کەسێک نەبو ڕێی
لێ بگرێ!.. بەلام کارتاجی یەکان چوارلای (سیراکیوز)یان گرتبو
بەشێکی لەشکرەکەی لە دورگەی (سیجلیا) دا دانا. بەشەکەی تری

institut kurde de paris

ناردە سەر بەشی ژووروی خاکی ئەفریقا داگیری بکەن. زۆری لێ نەچوو گەڕایەوە و دەستی کرد بە ڕزگارکردنی (سیراکیوز) لە دەست ئەوانەی چوارلایان گرتبوو. کارتاجی لێ پەکاشی ناچار کرد کە لەگەڵیا ئاشت ببنەوە و (سیجیلیا)ی بۆ بەجێ بهێڵن، تا ئەوەشی ژووروی خاکی ئەفریقایان بۆ بەجێ بهێڵێ!.. لەمەوە تێ ئەگەین کە «ئاگاثۆکلیس» نەچووە سەر تەختی شاهزادەیی، بە یارمەتی کەسێکەوە. تەنیا بە بازوی ئەوەوە ئەو تەختەی دەست کەوت کە پیاوێکی هەڵکەوتوو و بەکار بوو، بەرە بەرە لە لەشکردا پایەی خۆی بەرز کردەوە تا گەیشتە ئەو پایە گەورەیە. ئەو دوایە لە کوشتار و زۆرداری کردن لە دۆستان و سەڵتی و دڵ رەقی و خوێنناسی یەکەی ئاگاثۆکلیس بەکردەوەی چاک دانانرێن.. بەڵام ئازایەتی یەکەی و لێ باکی یەکەی لە تەنگ و چەڵەمە و تەنگانە، لەگەڵ گەورەیی یەکەی دا لە بەر کەوتن بەسەر ئەو گیروگرفتانەدا، کە ئەهاتنە پێش دەمی، بە کردەوەی چاک دائەنرێن!..

لەگەڵ ئەوەشدا، دڵرەقی و درندەیی یەکەی و، کەتنەکانی کە لە دەستی وەشانەوە، نەیان هێشت ناوی لەناو گەورە پیاوان دابنێتەوە!..

وێنەیەکی دووەمیش: «ئۆلیڤەرۆتۆ»ی شاهزادەی «فێرمۆ» یە. ئەم پیاوە هەر لە منالییەوە بە هەتیوی گەورە بوو بوو.

institut kurde de paris

«جیوڤانی فو جلیانی»ی لالوّی بردیە لای خوّی گەورەی ئەکات. نا ـ دیە کی «باولو فیتالی» فێری کوشتنی ئەکات. واتا فێری جەنگاوەری ی ئەکات. ئینجا کە «باولو» مرد، کوڕەکە بەهوّی بلیمەتی و زیرەکی و لەشە بەهێزەکەی خوّیەوە، توانی ی ببێتە یەکێک لە سەرکردەکان. پاشئەوە بە یارمەتی ی دانیشتوانی شاری (فیرمو) وکومەکی ی براکەی «باولو»وە لێ کوشا شارەکە بگرێ. ئەوەی بەم ڕەنگە بو: نوسی ی بو «جیوڤانی»ی لالوّی کە نیازی هەیە بێتە نیشتمانەکەی خوّی ببات، هەندێک هاورێ و سەربازیشی لەگەڵدایە. واشی لێ خواست کە پێشوازی یەکی وای لێبکات لەبەرچاوی ئەو پیاوانەدا پایەی بلند ببێتەوە. «جیوڤانی»یش بەکو دووای لێ ئەکرد پێشوازی یەکی نەتەوەیی تەواوی بو خوّ نیشتمانەکەی خوّی رێک خست. «ئولیڤیروتو»یش چەند روژێ خوّی گرت تا ڕێ و شوێنی بو گەیشتن بە ئامانجەکەی خوّی ئامادە کرد، پاشان «جیوڤانی»ی لالوّی و هەمو پیاوە ناسراوەکانی («فیرمو»)ی بانگ کردە سەرنانخواردنێکی گەورە و ناوازە. پاشان سەربازەکانی خوّی گاڵ دا، هەڵیان کوتایە سەر میوانەکان هەمویان کوشتن! ئینجا «ئولیڤیروتو» جاری داو خوّی کرد بە گەورەی شارەکە، کە لەوکاتەدا پیاوەکانی خوّی

institut kurde de paris

هەرچواریانیان گرتبو. دانیشتوەکانی ناچار بون ملیان بودانەواند!..
پاش ئەوە فەرمان رەوالیەکی لەوێدا دامەزراند وخوی کرد بە
فەرمانداری شارەکە. هەر بزانیایە یەکێک لەوانەیە جێگای پێ
لەق بکات، زوو لەناوی ئەبرد. سالێکی پێنەچو «ئولیفروتو»،
جێگای خوی گرت و بەتەواوەتی دامەزرا. چ لەناو شارەکەدا، چ
لەدەرەوەی شارەکەدا جێگای بەهێز بو. لەوانەبو، تائەمێنێ
ئەو جێگایەی خوی لەدەست نەدات. بەلام تووشی داوی [سیزار
بورجیا] بو، کە دلی خەلکی [ئورسینی] داگیرئەکات، چەواشەی
کرد ولەخشتەی برد، پاشان لەناویشی برد!...
هەندێک کەس سەریان سورماوە لە «ئاگاتوکلیس» و
ئەوانەی لە وانی ئەودان، کە توانیویانە تاماوەیەکی دوورو
درێژ خوشی لە پایە بلندی یەکەی خویانا ببینن. کەچی زور
کەس بە هوی دلرەقی و توندوتیژی یەکەوە، جێگاکانی
خویان لەدەست چووە!.. لەڕاستیدا ئەوانەی ئەزانن
چون توندوتیژی بەکار ئەهێنن و، لەپاش ئەوەی جێی
خویان گەرمو بەهێز ئەکەن و، واز لە توندی تیژی یەیان
ئەهێنن، زور کەلک بە خویان ئەگەیەنن. هەر
خزیەیەکیش لەوە بیش کردویانە، دای ئەپوشن..
وا تاکارو بار ئاشت ئەکەنەوە و هەمو شتێکیش

institut kurde de paris

ئەگەر پێشینەوە سەر دووچی جاران!... جا لە ئاغا ئۆتۆمبێلی «لێ
وای کرد.. چالەبەرئەوە، هەمووەم وامان هاتوتە پێش چاو، کە
هەرکەسێ ولێستێتی شازادە نووسینێک بۆ خۆی داگیر بکات،
پێویستێ بۆوە ئەوەم وە دەست نەبرە وزەنگی خۆی بنووسێ ولەکارە
کردەوەکانیا دڵ رەقی پیشان بدات، بوئەوەی جارێکی تر
پێویستی بەوە نەبێتەوە، بەرئەوەی ناچاری ئەوە لێشانەبێتەوە
کە سەر لەنوێ کاروبار وەر بگرێتەوە بەلایەکی ترا!
لە ئەوەی کرد، نەتەوەکەی دڵنیا ئەبن، بە تایبەتی
ئەبوە دڵیان کێش لەبات کە کاروباری بەکەلکیان بۆ
ئابەریتی!...

بەلام ئەو شازادەیەی ئاوڵە کردەوە و کارەکانیا
دوو دڵ بچێتەوە، یاخود بەراوێزی پیاوانی تێنەگەیشتوو
بکات، ئەبێ هەمو دەم بە پێوەی بێ و ئەنجامە کرێشی هەڵبگیرێ
هەرگیز نا لێشتوانێ ئەشت بەژێر دەستەکانی خۆی بسپێرێ.
چونکە ئەوانە رۆژ بەرۆژ خرایەی لێ ئەبن، ئەوانە چۆن
ئەتوانن لێشتی لێ بسەنن؟!...

Institut kurde de paris

## پێشڕەوایی نەتەوەیی لە ناوەندی بۆرە پیاوان
## و پیاوە ئازادەکاندا

ئێستا لەو کەسە ئەدوێین کە لە سایەی هاونیشتمانەکانی خۆیەوە ئەبێ
بە فەرمانڕەوا، نەک بە هۆی کەتن و زۆرداری یەوە.. کە ئەگونجێ
پێی بگوترێ «مەرۆڤایەتی ی شار».. یاخود «پێشڕەوایەتی ی
نەتەوەیی».. بۆ گەیشتن بەم جۆرە پایەیەش، هەیەتنیا
زیرەکی و وریایی وکارگوزاری وئیلەبێشتوویی بەش ناکات،
هەروەها بەخت وڕێکەوتیش بەتەنیا بەش ناکەن، بەڵکو پێویستە
لەگەڵ زۆرزانی یەکدا بەخێشتی یاری، خۆشەویستی ی لای
نەتەوە یاخود خۆشەویستی ی لای گەورە گەورەکانی
نەتەوەیش بەدەستەوە بێ. چونکە ناو هەموو خاکێکدا
ئەم دوو جۆرە کەسانە هەن، کە هەر دوو لایان پێچەوانەی
یەکترن: لە لایەکەوە بۆرە پیاوان یاخود زۆربەی نەتەوەکە
وریا ئەبنەوە و ڕائەپەڕن لە زۆرداری ی پیاوە گەورە
کانی خۆیان، بۆ ئەمەی خۆیان لە دەست ئەو زۆرداری یە
ڕزگار بکەن. گەورەکانیشیان وریا ئەبنەوە و ڕائەپەڕن
بۆ ئەمەی جڵەک بگرن بەسەر نەتەوەدا و زۆر و ستەمیان
لێ بکەن!.. حاڵەپەڕینی ئەم دوو جۆرە دەستەیە

لە هەر حاڵێکدا بێ، یەکێ لەم سێ ئەنجامانە ڕوو ئەدات:
یان فەرمانڕەوایی یەکێ بە دەوڵەت پەیدا ئەبێ، کە هەموو کاروبارێک
بەدەست ئەوکەسەوە بێ.
یان ئازادیی نەتەوە و سەربەستی دێتە کایەوە.
یاخود دەستوور ڕوو ئەدات..
جۆری یەکەمیان لەلایەن زۆربەی نەتەوەوە، یاخود لەلایەن
خانەدانەکانیەوە لە ئەنجامی زۆری.. هەر لایە بەجێی ڕێکەوت
وەدەسەڵاتی خۆی.. چونکە خانەدانەکان، کە هەستیان کرد بەوەی
بەرەنگاریی نەتەوەیان لێ ناگیرێ، هەموویان یەک ئەگرن و
یەکێک لەناو خۆیاندا هەڵ ئەبژێرن و ئەیکەن بە فەرمانڕەوا. بۆ
ئەوەی بەسایەی ئەوەوە بە ئاواتەکانی خۆیان بگەن. لە
لایەکی تریشەوە، ئەگەر نەتەوە هەستی بەوە کرد کە بەرگەی
هێزی خانەدانەکان ناگرێ، تێ ئەکۆشێ بۆ ئەوەی کە یەکێک
بکاتە بەگەورەی خۆیان و بیخاتە سەرتەخت، بۆ ئەوەی لە
سایە و پەنای ئەودا بحەسێتەوە.
بەڵام ئەو کەسەی ئەبێتە سەردار، بە سایەی خانەدانەکانەوە،
بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ، ئەرک و ئازاری زۆر
تر ئەچێژێ لەو کەسەی کە نەتەوە خستوێتیە سەرتەخت.
ئەمەش لەبارەت بەوەیە، کە پشتیوانی وای لێ کۆ

institut kurde de paris

ئەبێتەوە کە خۆیان بە هاوتای ئەو ئەزانن ، لەبەر ئەوە
ئەوانیش ئەوەی بۆ ناچێتە سەر کە بە دڵی خۆی فەرمان بداو
کاروبار بەرێوە ببات .

بەلام ئەو کەسەی بە سایەی نەتەوەوە بوبێتە پێشەوا ،
دەسەلات هەر بە دەست خۆیەوە ئەبینێ . چونکە کەس نیە
لەوێدا کە مل کەچی بۆ نەنوێنێ . یا خود ئەوانەی لێی لە گەورەیی
ئەو نائێن بە چاولەمن . بێجگە لەمە ، سەردار هەرگیز ئەوەی
بۆ ناچێتە سەر کە بە کردەوەی داد پەروەرانە ، خانەدانەکان
دڵخۆش بکات ، چونکە ئەو شتەی ئەوانە پێی دڵخۆش ئەبن
وەی و زیانی بۆ کەسانی تر یا خود بۆ گشت نەتەوە تیایە .
کەچی نەتەوە بە کردەوەی داد پەروەرانە دڵخۆش ئەبێ .
ئەمەش لەم بارەتەوەیە کە ئامانجەکانی نەتەوە پیاوانە
تر و بەرزترو پیرۆزترن لە ئامانجەکانی چینە تایبەتییەکان .
چونکە ئەو خانەدانانە ، هەموودەم چاویان لە زوروستەم
کەچی نەتەوە هەر چاوی لەوەیە کە زوروستەمی لێ نەکرێ .
بێجگە لەمە ، شازادە ناتوانێ لە خۆی دڵنیابێ کە هیچی لێ نایەت
لە لایەن نەتەوەوە ، کاتێ کە بزانێ ئەو نەتەوەیە خۆشی ناوێ
ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە ژمارەی کەسانی نەتەوە کە یەکجار زۆرە .
بەلام ، لەبەر ئەوەی خانەدانەکان ژمارەیان کەمە ، ئەتوانێ

institut kurde de paris

کارێکی وا ئەکات کە خۆی لە دەستیان بپارێزێت و تەختەکەی [illegible] لە دەست دەرچێ !.. هەروەها دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە کە دووریان بخاتەوە لە خۆی. چونکە ئەتوانێ بە هەندێ کەس پایەی بڵند بڵند بدات، هەندێکیش لە بەرزی یەوە بهێنێتە خوارەوە بۆ پایەی نزم !.. هەر کاتێکیش ئارەزوو بکات، ئەوەی کە بوو ئەچەسپێ !..

ئەوەندە هەیە، هەرکەسێ نەتەوە هێنابێتیە سەر تەخت، پێویستە دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئەو نەتەوەیەدا بپارێزێ.. ئەوەیش کارێکی گران نیە، ئاسانە چونکە نەتەوە هەر ئەوەندەی ئەوێ کە لە دەست زۆر و ستەم رزگاری بێ.

بەڵام ئەوکەسەی بە هۆی چینی کاربەدەستەوە بووبێت بە فەرماندار، بێ ئەمەی نەتەوە حەزی لێ کردبێ، وا هەڵ ئەگرێ کە لە پێش هەموو شتێک ئاواتی نەتەوە کێش بکات بۆ خۆی. ئەوەیش شتێکی ئاسانە، چونکە ئەو هەر ئەوەندە ماندوو ئەبێ کە نەتەوە لە بپارێزێت لە دەست زۆر و ستەمی کەسانی تر. جا ئەگەر نەتەوە لەوە ترسا وە لێی بگات و زیانی لێ بکەوێ، کە چی لە جیاتی ئەوە چاکەی بەرکەوت و کەلکی لێ گەیشت، زۆرتر خۆگری سەر [illegible] ئەو کەلک و چاکەیە ئەبن،

institut kurde de paris

زۆرتر هەست بە پیاوەتی و کردەوەی جوانی ئەکەن !..
شازادەی ئێستیش ئەوکەسەیە، کە هەر ئەو هۆیانە بەکار بهێنێ کە هەموو دەم ئەتەوە و ژێردەستەکانی وا لێ بکات، هەست بکەن کە لێ فەرمان رەوایی ئەو هیچیان بۆ ناچێتە سەر. کە شازادە توانی ئەوە بکات، ئیتر ئەتەوەکەی هەموودەم دڵسۆزی بۆ ئەنوێنن !..

## شازادە لە کاتی تەنگانەدا خۆی
## ئەکات بە خۆشە پشتیوەکەی خۆی!

لێرەدا پێویستە لەکەنیەوە بە نیەیەکی تریش بکۆڵینەوە. ئەویش ئەوەتا: ئاخۆ شازادە، لەکاتی پێویستدا، ئەتوانێ خاکەکەی خۆی، بە تەنیا بپارێزێ، یا هەموو کات پێویستیی بە پشت گرتنی سەردارانی تر هەیە؟... لە راستیدا هەر تەنیا خاوەن هێزودەسەڵاتەکان، ئەوەیان لە دەست دێ، کە بتوانن بە هۆی ئەو سامان و پیاوانەوە کە هەیانە، لەشکرێکی گەورە کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری هەموو زۆردارێک بکەن.
ئەو شازادانەش کە داوای یارمەتی کەسانی تر ئەکەن، ناتوانن بەرگەی دوژمنەکانیان بگرن و زۆر بەرامبەریان بوەستن، ناچار ئەبێ پەنا بەرنە پشت دیواری خاکەکەیانەوە و تەنیا شەڕی

Institut kurde de paris

خۆپاراستن بکەن. چاپ‌بوولستە لەسەر سەردار، کە کەوتە
باریکی وەوە، پایتەختەکەی خۆی پڕ خواردەمەنی و کەلوپەلی
پێویست لەکات تووشی تەنگ، شوێنی خۆپاراستنی خاکەکەشی قایم
ئەکات، زۆر خۆشنەدا لە زەوی بەرکانی چوارلای شار ئەکە..
چونکە ئەو فەرمانڕەوای پایتەختەکەی خۆی باش قایم کردبێ و
ئامادەی کردبێ بۆ بەری خۆپاراستن، کە لە فەرمانڕەوایی کردن
بەسەر ژێر دەستەکانی خۆشیدا ئەو ئاموژگاری یانەی
بەکار هێنابێ کە لەمەو پێش ناومان بردوون، بێگمانە تا
هورووژمی ئەباتە سەر، زۆر بەکەی ئەکولێتەوە، گەلێک چاریشی
مەترسی ئەکات لەو هورووژم بردنە بەرەوەی تیا سەرنەکەوێ.
چونکە رەووشتی ~~لەسەرتەم~~ مرۆڤ وایە، زۆربەیان خۆیان تووشی
کارێک ناکەن، تەنگ و چەلەمە و گرفت و ئەرک و
ئازاری تیا بێ. ئەوەشی بەکارێکی ئاسان نازانن کە
هەڵمەت بەرنە سەر شازادەیەکی وا کە پایتەختەکەی
خۆی باش قایم کردبێ و خۆشەویستیی گەلەکەی خۆشی
دەست کەوتبێ!... تەنانەت ئەگەر شازادەیەکی
واش، دوژمن هورووژم بباتە سەری، دوژمنەکەی بە
ناچاری ئەگەڕێتەوە باشەوە، شەرمەزاری سەرلە
کەوتنەوە!.. چونکە کەس خۆی لە قەرەی ئەوە نادات

institut kurde de paris

که‌هه‌تا سه‌گێکیشی هه‌ر له‌چوارلاگرتنی شارێکدا بحه‌سێته‌وه‌
وبه‌و هۆیه‌شه‌وه‌ له‌شکره‌کانی خۆی به‌لێ کاری ببه‌ستێته‌وه‌
ئه‌وانه‌ی ئه‌ڵێن دانیشتوانی شاری چوارلاگیراو، ناتوانن به‌رگه‌ی
چوارلاگرتنێکی دوور و درێژ بگرن، زۆری لێ ناچی شا
زاده‌که‌ی خۆیان له‌بیر ئه‌چێته‌وه‌، له‌به‌ر پاراستنی که‌لک و
چاکه‌ی خۆیان.. وه‌لامیان وا ئه‌ده‌مه‌وه‌: که‌ شازاده‌ی
به‌جه‌رگ و ئازا، هه‌مووده‌م ئه‌توانی به‌سه‌ر ئه‌م جۆره‌ گیروگرفتانه‌
دا زاڵ بێ. ئه‌ویش به‌وه‌ی که‌ هیواو ئاواتی نه‌ته‌وه‌که‌ی خۆی
زیندوو بکاته‌وه‌ و بگه‌شێنێته‌وه‌. تاوێک ئه‌وه‌ بخاته‌ دڵیانه‌وه‌
که‌ ئه‌و ته‌نگانه‌یه‌ زۆر نامێنێته‌وه‌، له‌سه‌ریان لا ئه‌چێ.
تاوێکیشی به‌وه‌ چاویان بترسێنێ که‌ دوژمنه‌که‌یان دڵ ره‌قه‌ و
خوانه‌ناسه‌ و له‌وانه‌یه‌ که‌ تێکیان لێ بکات!..
شازاده‌ی ژیریش، هیچ ئه‌رکێکی وا ناڕێکی وه‌های
تووش نابێ له‌ پیناو پاراستنی ورده‌ی نه‌ته‌وه‌که‌ی ژێر
ده‌ستی خۆی دا، چ له‌ سه‌ره‌تای چوارلاگرتنی شاره‌
که‌یدا، چ له‌ ناوه‌راستی چوارلاگرتنه‌که‌دا، به‌مه‌رجێ
خوارده‌مه‌نی و که‌لوپه‌لی ته‌واوی کۆکردبێته‌وه‌ له‌ شاره‌
که‌دا بونه‌ته‌وه‌ که‌م، بابه‌تی خۆپاراستنیشی بۆ خۆی
ئاماده‌ کردبێ.

institut kurde de paris

# شازادە نوشتەکانی سەدەبە گلیب لە ئیتالیادا

ماوەتەوە ئەوەی لە بابەت شازادە نوشتەکانی ئاینییەوە بدوێین .. ئەویش یان بەهۆی لێهاتوویی بەوە دەست ئەکەوێ ، یاخود بەهۆی بەخت و ڕێکەوتەوە .. بەلام ؛ هیچ کامێکیان ناپارێزرێ . تەنیا بە چەند کردەوە و ئەوە شتێکی کۆنی ئاینی ئەپارێزرێ ، کە ئەوەندە بەهێز و کاریگەرن ، شازادەکان بەخۆیان و پایەکانیانەوە ئەپارێزرێن ، بێ ئەوەی تەماشای شێوەی زرنگ کاری یاخود ژیانیان بکەن . ئەوە سەردارانە فەرمانداری بەسەر فەرمانڕەوایی وڵاتدا ئەکەن ، کە هەرگیز ناچاری ئەوە نابن لەسەریان بکەنەوە . پەردەستەکانیشیان وەهان کە هیچ گیروگرفتێک بۆ فەرمانداری ئەوان دورووست ناکەن . کەواتە ئەو فەرمانڕەوایانە ، لە خۆیان دڵنیان کە هیچیان بەسەر نایەت ، پڕیشن لە کامەرانی و خۆش-گوزەرانی ، لە ژێر چاودێری خوای گەورەدا ئەژین . بۆ مرۆڤی وەک منیشی ناشێت بە کە لەوانە بدوێم .. بەلام کەسانێ واشی هەن کە لێم ئەپرسن : چۆن کلیسا

institut kurde de paris

ئەمەی بۆ لووا کە ئەم [illegible] سەرلاتە جەنگییەی دەست بکەوێ؟ کەچی فەرماندەرەکانی شازادە نووسینەکانی ئیتالیا، لە پشتی سەردەمی [پاپا ئەسکەندەری شەشەم] دا، تێزیان بەم دەسەلاتە جەنگییە ئەکرد!... کەچی ئەوانیش تاکە کە سەردەمی شازدەهەمە، بەرەنگاری لیشم و قینی خونکاری فەرەنسە بوە، کە ئەم شازادە نووسینە ئاینییانە لە ئیتالیا دەریان بەرداندووە...!؟

وەڵامی ئەو پرسیارەشی ئەمەیە: کە ئیتالیا لە پێش هاتنی خونکاری فەرەنسەدا ((شارل))، لەنێو جەنگی پاپا و فینیسیای و شاهی ناپولی و دوکی میلانۆ، فلورەنسای بەش کراندابو.

ئەو سەردارانە بە تەنگ دوو کردەوەی گەورەوە بوون:

یەکەمیان ئەوە بو: کە نەهێڵن هیچ بێگانەیەک بە هێزی چەکدارەوە بێتە ناو ئیتالیاوە.

دووەمیشیان ئەوە بو: کە هیچ فەرمان ڕەوایەک لەم فەرمان ڕەوایانە خاکی خۆی فراوانتر نەکات. کەسێکی واشی لەناویاندا نەبو، کە مەترسی [illegible] لێ بکری ((پاپا)) و سەردارەکانی ((فینیسیا)) نەبێ. جا بۆ ئەمەی بەربەستی بەلاماردانی ئەوانە بکرێ، پێویست بو سەردارەکانی تر ببنە دۆست و سوێندخۆری یەکتر. هەروەها بۆ ڕاگیرکردنی پاپاش ئەوەی پێ

institut kurde de paris

ئەولیت کە گەورە خاوەنی زەوییەکانی "روما" بخەنە گەڕ
لەگەڵ خویاندا و بەکاریان بهێنن، لەبەر ئەوەی پاپاکان هەر بە
کرێی بهێڵنەوە. ئەوەی یارمەتی ئەوسەردانەشی
ئەدا ئەوەبو کە پاپاکان، تێکڕا، لەدە سال زورتر لەسەر تەختی
فەرمانداری نەیانهێنانەوە. ئەمیش بوبە هوی ئەوەی دەسەلاتی
مەعنەوی پاپا زور گەورەببێ لە ئیتالیادا، تا [پاپا ئەسکەندەری
شەشەم] هاتەسەر تەختی. ئەوەبو، هەروەک لەوە پێشی
پیشانمان دا، خوی دەیزانێت کە ئەتوانێ پاپا بە هوی سامان و
هێزەوە دەسەلات پەیدابکات و ببیتە گەورە. ئەوەبو
دەستی کرد بەو کردەوانەی لە سەرەوە ناومان بردن،
[دوک ڤالنتین] ی کوری خوی کرد بە بیانوو، نەک
بو بەرز کردنەوەی پایەی کلێسا، بەڵام بو بەرز
کردنەوەی پایەی [دوک ڤالنتین] ی خوی!..

## جورەکانی هێزی چەکدار و سەربازی

(١٢) **مووچەخور**

ئەوەبو تائیستا گفتوگومان لەبابەت سەردارەکان وسەرداڕنوسینەکا
وەکرد. گوتمان لەهەمو بنچینەیەک گرنگتر بو فەرمانڕەواییەکان
ئەوەیە کە یاسایانی بەکەڵکی هەبی، لەگەڵ سوپایانی بەهێزدا.

institut kurde de paris

ئێستا لەبابەت یاساوە قسە ناکەم. لەبابەت سوپاوە قسە ئەکەم.
ئەو لەشکرانەی شازادە خاکی خۆی لێ ئەپارێزێ، یان لەو
لەشکرانەن کە تایبەتی خۆین. یان لەو سەربازانە پێک هاتون کە
بەکرێ گیراون و مووچە خۆرن. یان بریتین لە هێزی یارمەتی دەر
کە لەدەرەوە بۆی هاتون، یاخود تێکەڵن لەمانە هەموویان.
ئەوەندە هەیە ئەو سەردارەی بە لەشکری بەکرێ گیراوە
مووچە خۆر لەشتی وڵاتی رەوا بکا خۆی بپارێزێ،
هەرگیز ئەوەی لێ چاوەروان ناکرێ کە بەرگری دوژمن بگرێ
و دڵنیابێ لە خۆی کە هیچی بەسەر نایەت. چونکە ئەو سەربازانە
یەک ناگرن، چاویان بڕیوەتە کەڵک و خۆشی خۆیان، نە
ڕێک و پێکن، نە دڵسۆز. بەرامبەر دوژمن ترسنۆکن.
نە لە خواتیش ترسیان هەیە، نە نەماسالی پەروەوەشت و
خووی مەردانەش ئەکەن کە تێکەڵ بە لەشکانی تر ئەبن..
هەروەک دوژمن لە کاتی جەنگدا تالانت ئەکات، ئەوانیش
لە کاتی ئاشتیدا تالانت ئەکەن!.. ئەمەیش سەبارەت
بەوەیە، کە ئەوانە هیچ خۆشەویستی یەک لە دڵیاندانیە، هیچ
هانە دەرێک لە دەروونیاندانیە کە لە کۆڕی جەنگدا بیان
هەڵبێنێتەوە، مەگەر ئەو مووچە کەمەی نەبێ کە ئەیاندرێتێ،
ئەو مووچانەیشی ئەوەیان لەدەست نایەت کە ئامادەیان

Institut kurde de paris

بکەن بۆ مردن لە پێناوی تۆدا. ئەوانە، تا تۆ لە جەنگ
دوور بیت، حەز ئەکەن لە ژێر دەستتا بحەسێنەوە. بەلام
کە جەنگت دەستی پێکرد، دەست ئەکەن بە هەڵاکردن لە
دوژمن، یاخود لێت ئەتەکێنەوە و بە تەنیا ئەتهێڵنەوە!
ئیتالیاش بۆیە وا تووشی ئەم سەرگەردانی یە بوو، چونکە تا
چەند ساڵێک پاڵی دابووەوە بە سوپای بەکرێ گیراو و موچە
خۆرەوە. لە ئەنجامی ئەمەشدا ئەمە دەرکەوتوە، کە هەر
فەرمانڕەوایی یەک سوپایەکی بوێ و شازادە خۆی
سەرکردەیی ی کردبێ، هەروەها ئەو فەرمانڕەوایی یە
کۆماری یانەش کە خاوەنی لەشکری چەک داربن، هەر
ئەوانە پێشکەوتنێکی زۆر پێشکەوتوون. بەلام هەر
فەرمانڕەوایی یەک لەشتی بە لەشکری بەکرێ گیراو
بەستبێ لە زیان بەولاوە هیچی تری دەست نەکەوتوە!
کاتێ کە شازادەیەک داوا لە دراوسێیەکی بەهێزی خۆی
ئەکات بگات بە فریادیا، یاخود لەسەری بکاتەوە بە لەشکرەکەی خۆی
ئەم هێزانەیشی پێیان ئەڵێن «هێزی لا» یاخود «هێزی
یارمەتی». دووەمینیە ئەم هێزانە، خۆ بە خۆی خۆیان
باش بن، بەکەڵک بن. بەلام هەر کەسێ بیانخوازێت، پێیان
ئەکەوێتە تەنگوچەڵەمەوە. چونکە ئەگەر شەڕەکەی دۆڕاند

institut kurde de paris

ئەبێتە هۆی شڵەژانی تۆلیش . خۆ ئەگەر سەرێش کەوت لەشەڕەکەدا
سواری ملت ئەبێ !.. بە هەردوو بارد ، چ لەباری سەرکەوتنیا و چ
لەباری ژێرکەوتنیا ئەبێتە هۆی سەرگەردانیت !...
هۆی ئەمیش ئەوەیە کە سەربازەکانی ئەولەشکرە هەموو یەکن ،
بەلام فەرمانی کەسێکی تر جێبەجێ ئەکەن . کەواتە هەر شازادە
یەک تێکەڵ لەشتوولە و هیچ دەمێک پشت بەو جۆرە هێزانە نابەستێ ،
تەنیا پشت بە هێزە تایبەتیەکانی خۆی ئەبەستێ . ئەوەشی
پێ خۆشترە کە لەشکرەکەی خۆی لەشکێ ، نەک بە هۆی لەشکری
بێگانەوە سەربکەوێ . پێی وایە بەوە ئەبات کە ئەو سەرکەوتنە
لەسایەی هێزەکانی بێگانەوە دەستی ئەکەوێ ، بە سەرکەوتنی
راستەقینە دانانرێ !.. هیچ لەوەیشی بەکوددوو ناکەم کە «سیزار
بۆرجیا» بەوێنە بهێنمەوە بۆ ئەم بابەتە . ئەوە بە هۆی لەشکری
«یارمەتی» یەوە چووە ناو خاکی «رومانیا»وە ، کە هەموویان
فەرەنسی بوون .. کە تەماشای کرد ئەوەی بۆ ناحەتە سەر ،
پەنای بردە بەر لەشکری بەکرێ گیراو . پاش ئەوە ، ئەوەشی
لێ ئاشکرا بو کە پشت بەم جۆرە لەشکرانەش نابەستێ ، هەموو
دەم فرمانی خۆیان بەجێ ناهێنن ، هەموو دەم بە دلسوزی نامێننەوە
چونکە چاکیان لەبەرچاو نامێنێتەوە . دەمودەست بڵاوەی پێ
کردن . پاش ئەوە پشتی بەست بەو هێزانەی کە هی خۆی بوون .

institut kurde de paris

ئنجا کە هەموولایەکیان ئەویان چاولێکەوت بووەتە پەلەم گەورەی
پیاوەکانی خۆی و لەشکرەکانی خۆی ودەسەلاتی هەمیە بەسەر
هەموویاندا ، لەپێش چاویاندا پایەی بەرز بووەوە !..
لێرەدا وێنەیەکی ناو « تەورات » پێش ئەهێنمەوە : کاتێ لە
« داوود » لە « شائوول »ی گەیاند ئەچێ بۆ شەڕکردن بەرامبەر
« جولیات » دلێرەکەی « فەلەستین » ، « شائوول » ولێتی
هانەی بدات بۆ شەڕ ، وەکی بەهێزیکات ، لەشکرەکەی خۆی خستە
پاڵ « داوود » ، بەلام کە « داوود » تاقی کردنەوە ،
نەیهێشت لەگەڵیا بێن . ئەوەی لێ باشتر بوو کە بە قوچەکانی و
خەنجەرەکەی خۆیەوە هەڵکوتێتە سەر دوژمنەکەی خۆی !..
ئەگەر باش بچینە بنچینەوانی خۆی یەکەمی سەرئەنگری بوونی شاهە
نشاهیی رۆماوە ، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە سەرباری
بەکۆکردنەوەی ئەو لەشکرە سووچ خوانەبووە کە لە [گوت]
ەکان بەکرێ گیرابوون . پێترلەدەسا کەوە ، کە ئەو لەشکرانە بێگ
هێنران ، دەسەلاتی رۆماییەکان رووی کردە کزی .
هەر کە تێکەڵیشی لە شاهەنشاهییەکەدا پەیدا بووایە ، بۆئەو
( گوت ) انە ئەمایەوە !.. کەواتە هیچ شازادەیەک
لەوە دڵنیا نەبێ کە هیچی بەسەرنایەت ، تا پاڵ بە لەشکرە
تایبەتییەکانی خۆیەوە نەدات . لەشکری تایبەتیش

institut kurde de paris

بریتییە لەوەی بە بازاندی لەژێر دەستی خۆیدان، یاخود هاونیشتمانی خۆین، یان لەوانەن کە لەژیانی ڕۆژانەی خۆیدا پێشتیان لێ ئەبەستێ !..

## شازادە و هونەرەکانی جەنگ !

شازادە، نابێ هیچ ئامانجێکی هەبێ، هیچ بیرێکی هەبێ، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی هەبێ، شتێ نەبێ، هەڵسووڕاندنی جەنگ نەبێ و، یاسای جەنگی ! چونکە هەر ئەم هونەرەیە بەکاری ئەوانە دێت کە فەرمانداری ئەکات. ئەمەش ئەوەندە بەکەڵک و بەنرخە، هەر ئەوەندە بەکارنایەت کە خاکی ئەو شازادانە بپارێزێت کە لە باشترینی باوکیان هاتوونەتە سەر تەخت، بەڵکو لەوە بەکاری زۆرە پیاوانی تری دێ کە بە خۆیانەوە بتوانن بگەنە سەر تەخت. بە پێچەوانەی ئەمەش، هەر شازادەیەکیان دڵی خۆی زۆرتر دایە خۆشی ڕابواردن و بەزم و ڕەزمی خۆی، تەختەکەیان لە دەست ئەچێ !..

یەکێک لەو ئەنجامە خراپانەی لە خۆئامادەنەکردنەوە بۆ جەنگ ڕوو ئەدات، ئەوەیە کە تووشی گاڵتەپێکردنی کەسانی تر ئەبێت !..

جیاوازی لەناوەند شازادەی خاوەن لەشکر و بێ

لە شەڕدا ، وەک ئاسمان و ڕیسمان وایە .. ئەوەیشی بە مێشک
دانانرێ ، کە چاوەڕوانی ئەوە بێ پیاوی چەکدار بۆ
پیاوی بێ چەک مل کەچ بنوێنێ . یان هیچ پیاوێکی بێ
چەک ، لە دەس و پێوەندی چەکدارێ لێوەی ئەمینە وە !
کەواتە هەر شازادەیەک ، لە کاروباری شەڕکردن شارەزا
نەبێ ، بێجگە لەم ئەو کەمو کوڕییانەشی هەیە کە لە سەرەوە
ناومان بردن ، هەروەها لە لایەن لەشکرەکەیەوە ڕێزی لێ
ناگیرێ ، هەروەها خۆیشی نابێ پشتیان پێ ببەستێ . لە
بەرئەم ، نابێ شازادە شەڕ لە بیر کردن بخاتە پشت گوێ .
پێویستە لە سەریشی کە لە کاتی ئاشتیدا زۆرتر مەشقی لە سەر
بکات ، تا کاتی جەنگ . بێجگە لەوە ئەبێ لە بابەت جەنگەوە بخوێنێتەوە و
لێکۆڵینەوەیشی بکات . هەرچی ڕووی کارکردنیشە ، پێویستە
لە سەر شازادە کە بە تەنیشت پێکەوەنانی لەشکرێکی ڕێک
و پێک و مەشق لێ کراوەوە بۆ جەنگ ، هەمو دەم بچێتە ڕاوو شکار
تا لەشی خۆی بە سەختییەوە ڕابهێنێ . تا لە شێوەی سروشتی
زەوی تێ بگات . چونکە شارەزایی لە شوێنەکانی شاخ و دەشت و
ڕووبارەکاندا ، لە نیشتمانەکەی خۆی ئاگاداری ئەکات ، ئەوسا کە
باشتر ئەتوانێ خۆی ئامادە بکات بۆ پاراستنی خاکەکەی خۆی ..
هەروەها بە هۆی ئەو شارەزاییەیشەوە ، ئەتوانێ هەر

خاکێکی تریش ببینێ تێی بکات . هەر شازادەیەکیش لێ بەشی بێ
لەم شارەزایی و هونەرە زۆرییە ، بەکەم ئەوەی سەرکردەیی و
سەروکایەتی ی لە دەست ئەچێ . چونکە هێزی سەرنج دانە کەوای
لێ ئەکات جێگاکانی دوژمن بدۆزێتەوە ، کە شوێنی باشی بۆخۆشی
هەڵبژێرێ ، کە سەرکردەیی لەشکرەکەی خۆی بکات ، کە ڕێ و
شوێن دانێ بۆ هەڵکوتانی جەنگەکانی ، کە چوار لا گرتنێکی بە
کەڵکی شازادەکان ڕابهێنێ !..

هەروەها [illegible] لەسەر شازادە پێویستە کە هۆشی خۆی
ڕابهێنێ بە خوێندنەوەی مێژووەوە . بە لێکۆڵینەوەی کردەوەی
پیاوە گەورەکانەوە . بۆ ئەمەی لەوە تێ بگات کە چۆن لە جەنگدا
کردەوەیان نواندووە . هەروەها لێ بکۆڵێتە بنچینەوانی خۆی
سەرکەوتن و شکانەوەیان نیشانداوە . بەمەرەش شازادەی ژیر
ناوەشێتەوە کە لەکاتی ئاشتیدا ، لێ ئەرکەکار دابنیشێ .
پێویستە خۆی بەکار و فرمانەوە خەریک بکات . پێویستە خۆی بە
هێت و چالاکییەوە ڕابهێنێ . پێویستە ئەوکاتی لێ فرمانیان نە
بریبکات لەخۆڕاهێنان بە جەنگەوە ، بەڕێک خستنی کاروباری
شارەستورەوە ، بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەو کەسانەیەوە کە بە
جەنگەوە خەریک بوون ، لە سەرکردە و سەردارە گەورەکان .
تائەگەر ڕۆژگاری لێی هەڵگەڕایەوە و لێ بەختی سوودی لێ کرد

institut kurde de paris

ئامادە بوبێ بو بەرەنگاریی کردنی دوژمن و بو سەرکەوتن لە
زورانبازیی دا !...

## ئەو کردەوانەی پێویستن بە شازادە

ماوەتەوە ئەوەی ئەو دەستوورانەیشمان بدەین بە
شازادە، کە پێویستە لەسەری بڕوات بەڕێوە لەگەڵ دوستە
کانی و ژێردەستەکانیدا. منیش لەوە ئاگادارم کە لەم
بڕوەوە زۆر نووسراوە. بەلام چونکە هەر بەتەنگ ئەوەوەم
کە خاوەن هۆشان کەلک لەم نووسراوەم ببینن، وام لێ باشترە
کە ڕاستەوڕاست لەم بابەتەوە بدوێم، لە ڕاستییەکەشی بکۆڵمەوە،
بەلام لە کاری ئەندێشەیی وازبێنم. چونکە جیاوازیی زۆرە
لە ناوەند ئەو ژیانەدا کە بەسەری ئەبەین و ئەو ژیانەیشدا
کە پێویستە ڕایبوێرین. لەبەر ئەوە، تەنیا لە ڕاستی و ڕووداو
ئەدوێم. من ئەڵێم هەرکەسێ پایەیەکی بڵندی هەبێ، بەتایبەتی
ئەگەر شازادە بێ، بەچەند کردەوەیەکەوە ناوبانگ
دەردەکات، کە ڕەنگە باش بن، ڕەنگیشە خراپ بن.
شازادەی وا هەیە پیاوەتی و بەخشندەیی ئەکات. هێ وایش
هەیە دەست قووچاوە. هێ وا هەیە دەست بڵاوە. هێ وایش
هەیە چرووک و ڕژدە. دڵڕەقیان تیایە. دڵنەرمیش.

institut kurde de paris

پەیمان ڕاگرییان تیایە . بێ گەف و بەڵێنیشی .. خاوەن بەزم و ڕەزم و
سووك و ڕێ لێغایان تیایە .. ووشك و ڕەق و بێ باكیشی ..
مل كەچ و گیان و سووك و تووڕە و ترۆیان تیایە ..
~~خەمخۆر و لەخۆنەترسیان تیایە~~ .. ڕاست و ڕەوان و ڕێچو
ڕێنایان تیایە .. كەللەڕەق و شیرین خوویشی .. شازادەی
بەر ڕاست و كەمباز و ئاینیدار و بێ ئاینیشیان تیایە!..
جا لەبەر ئەوەی سروشتی مرۆڤ وایە ، كەسی وا نیە ئەم
هەموو كردەوانەی لە یەك كاتدا بۆ كۆ ببێتەوە ، كەواتە پێویستە
شازادە ئەوەندە ژیر و لێزان بێ ، كە خۆی بپارێزێ لەوەی كە
لە هەموو كووڕییەكانی ڕەووشتی دەربكەوێ ، نەوەك تەختەكەی
لە دەست بچێ . هەروەها زۆر بە تەنگ ئەو كردەوانەی خۆلێشییەوە
بێ ، كە بەبێ ئەوانە خاكەكەی خۆی بۆ ناپارێزرێ وەك كردەوەی
«دڵ ڕەقی» و «لاتوندوتیژی» !..
ڕەنگە ئەوەیشی بە ئەستۆی خۆش دابنرێ كە پیاو بڵێن بەخشندەیە
بەڵام بەخشندەیی ، هەروەك كەسانی تر تێی گەیشتوون ،
لەوانەیە تووشی گەڕ و گێچەڵت بكات . ئەگەر بێتو شازادە
یەك بیەوێ خۆی وا پیشان بدا كە پیاوێكی بەخشندەیە ،
ناچار ئەبێ ئەوەندە پارە پەرش و بڵاو ئەكاتەوە بە سەر ئەم و
ئەودا ، كە سامانەكەی خۆی چۆڕ بڕ بكات . دوایی لەوئەمەی

institut kurde de paris

داوێن پاك و داوێن پیسیشیان نیایە..

insititut kurde de paris

ناوبانگی بەخشندەیی بەڵکەی خۆی بپارێزێ، ناچارە ئەمندە باج
بخاتە سەر نەتەوەکەی خۆی، باریان گران بکات. هەروەها هەڵبە
بکات بۆ پارە کۆکردنەوە، هەموو ڕێیەکی بۆ بگرێ!.. لە ئەنجامدا
وای لێ دێ لەبەر چاوی ژێردەستەکانی بکەوێ و لەناو کەسانی
تردا سووکی و ڕێزیشی کەم ببێتەوە. ئەگەر شازادە هەستی
کرد بە تەنگ و چەڵەمەی بەخشندەیی و خۆی دایە ئەوەی
کەوا لەو کردەوەیە بێنێ، دەمودەست بەدناوی ئەکەن بە
چرووکی و ڕژدییەوە!.. لەبەر ئەوە بۆ شازادە واچاکترە
کە ئەگەر لێی نەکرا بە بەخشندەیی بکات، واز هێنان لە
بەخشندەیی نەیخاتە تەنگو چەڵەمەیەکی سامناکەوە، گوێ
نەداتە بەدناوی ئەمۆئەو، کە چێی پێلێن دەست قووچاوە
دەمودەست دەستی خۆی بگرێتەوە لە دەست بڵاویی.
چونکە زۆری پێ ناچێ، ئەتەوە بۆی دەربکەوێ کە شازادە
لەبەر ڕژدیی خۆی نەبوە کە دەستی گرتوەتەوە لە پارە پەرشن
بڵاوکردنەوە، لەبەر ئەوە ئەوەی کردوە تا پارەیەکی وا
کۆبکاتەوە بۆ فەرمانڕەوایی کە بۆ دوا ڕۆژ دانەمێنێ بەخۆ
پاراستنەوە لە شەڕی دوژمنان و تووشی تەنگانەی نەبێت
لەکاتی لەسەرکردنەوەی نیشتمانەکەی دا. هەروەها بشتوانێ
کاروبارە گەورەکانی فەرمانڕەوایی هەڵسوورێنێ بێ ئەوەی

باری نەتەوەکەی خۆی گران ئەکان . کەئەمەوە ئەوەی بۆ
دەکەوت ، ئیتر بە شازادە ناڵێ دەست قووچاوە ، بە پێچەوانەوە
بە پیاوێکی گەورە و زیرەک و بەخشندەی دائەنێ .
بەم جۆرە ، ناڵێ شازادە لەوە ئەترسێ کە بە دەست قووچاو
ناوی بەرن ، چونکە خۆپاراستن لە تالان کردنی نەتەوە بە
باجی زۆر سەندن و یابەتی تر ، هەروەها بە هێزکردنی نیشتمانە
کەی و دوورخستنەوەی نەتەوەکەی لە هەژاری و ڕیسوایی ،
ئەوانە هەموو ، ئەوە ئەگەیێنن کە شازادە ، لە پیناوانا
ئەو دەست قووچاوییە ئەبوێرێ . چونکە لە ڕاستیدا ، هێزی
چارەی واهەیە کە دەست قووچاوی ، بە کردەوە پاشانە
دائەنرێ کە نیشتمان لە دەست دوژمن و لە دەست تەنگوچەڵەمەی
ڕۆژگار ڕزگار ئەکات !..
جا هەر کەسێ بەرپەرچی ئەداتەوە ، و ئەو ... لێی ئەڵێم :
کە بەخشندەیی بە شێوەیی خۆشی دائەنرێ ، ئەگەر بێتو
شازادە لە سامانی تایبەتی خۆی ببەخشێ ، نەک لە سامانی
نەتەوە . شازادەیەکیش لەوانەی کە بە دوای
شەڕوشۆڕدا ئەگەڕێن و ، لە سەر فرو فێڵ و تەڵەکەبازی
ئەژین و ، هەر خەریکی تالان و بڕەوی سامانی نەتەوە
و کەسانی ترن و ، بە دوای پرش و بڵاوکردنەوەی

institut kurde de paris

سامانی کەسانی تر دڵگران بن، نەخوازەڵا کە ئەو کەسانە وەکو خاوانە
لە بێگانە بن ، ئەو شازادەیە پیویستە بەخشندە بێ و
دەست بڵاوی هەبێ . چ «گورشی فارس» ، چ
«سزاری روما» ، چ «ئەسکەندەری مەکدونیا» لەو جورە
کەسانە بوون و وایان کردووە !

## شازادە لە ناو خۆشەویستی نەتەوەو ترس و لەرزیا !

هەرچەندە هەموو شازادەیەک حەز ئەکات پێی بڵێن دڵ نەرم
و بەزەیی بە هەژارو لێ قەوماو و داماوان دێتەوە ، نەک پێی
بڵێن دڵ رەق و توندو تیژە و بەزەیی بە کەس دانایەتەوە ، بەلام
پیویستە ئاگای لەخوی بێ کە دڵ نەرمی یەکەی خوی خراپ
بەکار نەهێنێ . «سیزار بورجیا» بە دڵ رەقی یەوە
ناوی دەرکرد . بەلام ئەو دڵ رەقی یە بوو بە هوی ئەوەی کە
خاکی (رومانیا) یەک بگرێ و یاساشی تیا جێگیر بێ ، کە
ئاشتی و دڵنیاییشی تیا بڵاو ببێتەوە . لەبەر ئەوە شازادە نابێ
گوێ بداتە ئەوەی کە بە دڵ رەق ناوی بکەن ، ئەگەر بیتو بە هوی
ئەو دڵ رەقی یەوە بتوانێ نەتەوەکەی یەک بخات و دڵیان بپوشێ

institut kurde de paris

بەخۆیەوە . چونکە ئەوبە لووتێکی چەند کردەوەیەکی توندوتیژ ،
ئەتوانێ باشتر بەکاری نیشتمانەکەی خۆی بێت لەوانەی کە لەبەر زۆر
دڵنەرمیی خۆیان ، ماوە ئەدەن ئاژاوە لەناو خاکەکەیاندا پەیدا
بێ .. چونکە لە ئاژاوەوە ، خوێن ڕشتن و تالان کردن پەیدا ئەبێ ،
کە زیان بە نەتەوەکە هەمووی ئەگەیێنێ . بەلام کوشتنی چەند کەسێک
لەلایەن شازادەوە ، هەر زیان بە چەند کەسێک ئەگەیێنێ . بەهەموو
ڕەنگێ ، هەرگیز ئەوە ڕوونادات ، کە شازادەیەکی تازە بە
توندوتیژیەوە ناوبانگ دەرنەکات . چونکە ئەو فەرمانڕەوا
یانەی کە تازە پەیدا ئەبن پڕن لە تەنگ و چەڵەمەی سامناکی
سامناک !..

هەروەها پێویستە شازادە خۆش باوەڕ نەبێ ، کە هەرچی ئەبیست
بەڕاستی بزانێ . پێویستە لێی بکۆڵێتەوە ئینجا کاری پێویست دەربارەی
ئەو قسەیە بکات . بەلام نابێ لە ئەندازەی خۆی تێپەڕێ !.
جا هەروەک خۆی ئەپارێزێ لەو هەڵانە ، هەروەها ئەبێ لە
شێوەیەکی مامناوەندی و ژیرانە ڕەفتار بکات . نابێ
ئەوەندە دڵنیابێ لەخۆی ، کە پارێزگاریی خۆی نەکات ، نابێ
ئەوەندە بسڵەمێتەوە لە هەموو شتێک کە لە ئەندازەی دڵ
فراوانی و چاولێپۆشی بچێتە دەرەوە . جالێرەدا ئەم
پرسە دێتە مەسەلەکی مروڤەوە : بۆ شازادە واچاکترە

کە خۆشەویستی بێ و کەمتر لێی بترسن، یاخود لێی بترسن و کەمتر خۆشیان
بوێ؟ ... وەڵامیش ئەوەیە کە پێویستە شازادە هەر دوو
کردەوەکەی هەبێ. ئەگەر ئەوەلیشی بۆ نەچوو سەر، لێی ترسن
چاکترە لەوەی خۆشیان بوێ!.. چونکە ئەگوترێ بە مرۆڤ ئەڵێین
کە بە جۆرێکی گشتی، چاکەیان لەبەرچاو نییە، پاراو، زوو هەڵ
ئەگەڕێنەوە، ترسنۆکن، چاوچنۆکن، چاویان بە هیچ شتێک پڕ
نابێتەوە.. هەتا بزانن کەڵکیان لێ ئەگەیێت، خۆیان ئەخەنە
بەر دەستت، بەر و سامان و ژیان و کوڕەکانی خۆیانت پێشکەش
ئەکەن. کەچی کە دەستت درێژکرد بۆ یەکێک لەو شتانەیان،
لێت هەڵ ئەگەڕێنەوە و بە گژتا ئەچن!. هەر شازادەیەکیش
بە دوو ڕوویی زێردەستەکانی خۆی هەڵخەڵەتابێ و ئاگای لە
خۆی نەبێ کە خۆی بپارێزێ، لەوانەیە کە سەرەنگوم ببێ!.. ئەوەیشی
لەبەر ئەوەیە، کە هەر دۆستایەتییەک بە پارە وەکو تایبەتی بێت
نەک لە ڕێگای گیان بلندی و دەروون گەورەییەوە پەیدا بێ،
بە دۆستایەتییەکی ڕاستەقینە و بەکەڵک دانانرێ. مرۆڤایەتیش
لە شازادەیەک شەرم زووتر ئەکەن کە بەزەبرۆزەنگ بێ، نەک
لە شازادەیەک کە هەر خۆی خۆشەویست بکات. چونکە خۆشەویستی
بە هیچ نابەسترێتەوە بە زنجیرەیەک بەهاندارێ نەبێت. مرۆڤیش
ئەمەندە خۆپەرستی تیایە، هەر دەمێ زانی بە شکاندنی

institut kurde de paris

ئەو زنجیرە پەیمانانە کاری بوئە چستە بەرگوێ نادا فرمانی سەرشانی
خۆی ، دوستایەتی یەکەی خۆی ئەخاتە ژێر پێوە !..
بەلام ترس ، بە زەبروزەنگی سزا ئەپارێزرێ !.. لەگەڵ ئەوەیا
شازادە واهەڵ ئەگرێ سام بدات بە خۆی ، نەک قینی لێ هەڵگرن
چونکە ترس و لەکوڵی قین پێکەوە ڕێک ئەکەون . بۆ شا
زادەش ئەوە ئاسانە ئەگەر ئەو دوو بابەتە بۆ خۆی
بپارێزێ ، ئەگەر دەست نەبا دەست درێژی نەکات بۆ سامان و ئافرەتانی
هاونیشتمانەکانی ، یاخود ژێردەستەکانی خۆی !..
ئەگەر هاتو شازادە ناچار بوو بە یەکێک لە ژێردەستەکانی خۆی
بکوژێ ، با بە پاکانەیەکی ڕاست و لەکەوە دەست بدوزێتەوە بۆ ئەو
کوشتنە ئنجا بیکوژێ ، بام هۆی ئەو کوشتنەشی بۆ گەل ئاشکرا
بکات . بەلام لە پێش هەموو شتێکا خۆی لە ڕاگرکردنی سامانی
کەسانی تر بپارێزێ . چونکە مرۆ زووتر هەڵکەوتووە ، کە
ڕەنگە مردنی باوکەکانی خۆیان لەبیر بچێتەوە ، بەلام
سامان لە دەست چونیان هەرگیز لە بیر ناچێتەوە !..
ئەگەر شازادە لە لەشکرێکی ژمارەی لە ژێر دەستا بو ،
بیو لەستم وەچاوی لە ترسێ کە بە پیاوێکی دڵ ڕەق و توندوتیژی
دابنێن . چونکە ئەگەر ئەم جۆرە ناوبانگەی نەبێ ، هیچ ی
ناکری زاڵ بێ بەسەر لەشکرەکەی دا و بە یەکێتی و ئامادەیی بێ یەوە

Institut kurde de paris

بۆ جەنگ بیهێڵێتەوە !.. جا لەم ~~گفتوگۆیە~~ لێدوانەوە دێینە سەر ئەوەی
کە هەموکەس خۆشەویستی شازادەیان لە خۆیانەوە ئەچێتە
دڵەوە، هەروەها بە ئارەزووی دڵی خۆشیان خۆشیان
ئەوێ، کەس زۆریان لێ ناکات. بەڵام ترسەکەیان لە زەبرو
زەنگ و بە خێلی شازادەوە پەیدا ئەبێ. شازادەی
ژیریش ئەوکەسەیە کە پەنا ئەباتە بەر هێزو دەسەڵاتی خۆی و
پشت بە توانای خۆی ئەبەستێ، نەک بەوەی کە ئەمو ئەو
پێی ئەبەخشن !..

## پێویستە شازادە وەک شێریش
## بێت و وەک ڕێویش !

هەرگیز شتێ لەوە باشتر نیە، کە شازادە، دڵپاک و دەروون
خاوێن بێ، دوور بێ لە پێچوپەناو فڕوفێڵەوە. بەڵام وەک
لە تاقی کردنەوەی سەردەمی خۆماندا بۆمان دەرئەکەوێ: ئەو
شازادانەی کاری گەورەیان لە دەست هاتووە و
کردویانن، ئەو شازادانە بوون کە زۆر گوێیان نەداوەتە
سەر ڕاستی و دڵ چاکی. بە هۆی زیرەکی و زۆرزانی
خۆشیانەوە توانیویانە سەر لە کەسانی تر بشێوێنن،

institut kurde de paris

ژاڵیش بێن بەسەر ئەو کەسانەدا کە پاکی و دڵسۆزی یان کردووە بە
بنچینەی ژیانگ کاری بەکری خۆیان . لەبەرئەوە پێویستە
بزانیت، کە بۆ بەرەنگاری کردن دوو شێوە هەیە . یەکێکیان
پاڵ ئەدات بە پاسەوە . ئەوی تریان پاڵ ئەدات بە هێزەوە .
شێوەی یەکەمیان بۆ مرۆڤ دەست ئەدات . شێوەی دووەمیشیان
بۆ درندە دەست ئەدات . بەلام زۆر جاری وا هەیە شێوەی
یەکەمیان کاری شازادە ناگاتە سەر . لەبەرئەوە پێویستە شێوەی
دووەمیشیان بخرێتە کار . پێویستە شازادە خۆی
ڕابهێنێ بەوەوە کە هەر دوو شێوەکە بەکار بهێنێ .. مامۆستا
کانی پێشوویش هەر ئەمەیان فێری شازادەکان ئەکرد ..
کەواتە شازادە پێویستە لاسایی شێر و ڕێوی بکاتەوە .
چونکە شێر ئەوەی پێ ناکرێ کە خۆی لە داو و تەڵە بپارێزێ .
ڕێویش ناتوانی خۆی لە گورگ بپارێزێ . کەواتە پیاو ئەبێ خۆی
بکات بە ڕێوی بۆ ئەوەی لە تەڵە و داو خۆی بپارێزێ
هەروەها خۆیشی بکات بە شێر بۆ ئەوەی چاوی گورگەکان بترسێنێ
ئەگەر هەموو مرۆڤێک چاک بوایە، ئەم دەستوورە بەکەلک نە
ئەهات . بەلام ئەوانە وا هاتوون، کە لە خراپە بەولاوە، لە
دەستیان نەوەشێتەوە . ئەوانە هیچ گفت و بەڵێنێکی خۆیان
! ناگرن . لە هیچ هەلێکیش بۆ خراپە کردن دەست هەڵناگرن.

institut kurde de paris

کە وابە توش پێویست ناکات دڵسۆزی یان لەگەڵدا بنوێنێ. هیچ
شازادەیەک کەسێ لەسەرێدەوە دانامێنێ کە بیانوویەکی پرشنگ
دار بدۆزێتەوە بۆ خۆی، کە پەیمانەکەی خۆی لێ شکێنێ!.. لەگەڵ
ئەمەشدا شازادە نابێ ئەم کردەوەیەی خۆی ئاشکرا بکات. پێویستە
زۆر هونەرمەندانە بنوێنێ لە شاردنەوەیدا. پێویستە زۆر زانای پیشان
بدات، چاو و راو کردن. چونکە مرۆڤ [illegible]، لەسەریکیترەوە،
ئەوەندە ساکار و حەز بە باوەڕن، پیاوی چاو و راو کەر،
هەمو دەمێک ئەتوانێ پیاوێکیان تیا بدۆزێتەوە، کە بەوانە
چەواشە بن!..

رەنگە ئەوەش پێویست نەبێ لە بەروەندەی [پاپا ئەسکەندەری
شەشەم] خۆی ماندوو بکات بە باوەڕ بە فەشین و دڵنیا
کردن و، سوێندخواردنی گەورە گەورە، کە کەسی نەبو
لەواندا بیگاتێ!.. هەروەها ئەوەش پێویست نەبێ، کە
ئەوەندەی ئەو (پاپایە)، گفت و بەڵێنی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە،
و سوێندەکانی خۆی بشکێنێ، کە لەوانە لەشیا کەس
نەبو بیگاتێ!.. بەلام پێویستە شازادە خۆی
وابنوێنێ، کە لە باریا هەیە ئەو جۆرە کردەوانە نەنوێنێ.
تەنانەت من لەوەش پەروام نیە کە بڵێم بوونی ئەم کردەوانە لە
شازادەدا و، بەکارهێنانیشیان بەجۆرێکی هەمو دەمی

institut kurde de paris

شازادە ئەخاتە تەنگوچەڵەمەی سامناکەوە !..
بەڵام خۆ پیشاندان بەوەوە کە هەرکاتێ ئارەزوو بکات
ئەتوانێ ئەو جۆرە کردەوانە بنوێنێ، کە کەڵک و چاکەی بۆ
شازادە شایەنی !..
بام ئەوەڵێی بگرین کە هەموو شازادەیەک، بەتایبەتی
ئەو شازادەیەی تازە هاتوتە سەر تەخت، لە توانای دانیە
هەموو کردەوەیەکی چاک بەکار بهێنێ. چونکە بۆ ئەوەی
فەرمانڕەوایی کەی خۆی بپارێزێت، زۆر جاری وا هەیە کە
ناچار ئەبێت بە جۆرێکی وا بجوڵێتەوە کە پێچەوانەی پیاوەتی و
چاکەخوازی و مروڤایەتی و خواناسین بێ. جا پێویستە
لەسەر شازادە، ئەوەندە وریا بێ، لەگەڵ بادا بڕوات
بەڕێوە، لەگەڵ ڕاڕایی بەختی خۆیدا گۆڕەران بکات..
هەتا بۆی بکرێ لە چاکەکردن خۆی دوور نەخاتەوە،
بەڵام ئەگەر پێویست بو، لە خراپەکردنیشی کۆڵ نەکاتەوە !..
بەڵام هەروەک لەوە پێش گوتم، نابێ شازادە
کردەوەیەکی وەها بنوێنێ کە نەتەوە ڕقی لێی هەڵسێ..
جا ئەگەر ئەمەی بردەسەر، لە کردنی بەدکردارییەکانی
تردا، هیچ تەنگوچەڵەمەیەکی گرنگی توش نایەت !.. لە هەموو
شتێکی گرنگتر، لەبەر چاوی نەتەوە بکات، ئەوەیە کە

institut kurde de paris

چاوبرسی بێت و چاوبرسێتی سامان و ئافرەتانی ئەتەوەکەی خۆی !.. ئەوەیشی لەبەرئەوەیە کە زۆربەی ئەتەوەکەی بەدڵنیاییەوە ئەژین ، ئەگەر بێتو شازادە دەست بۆ ئابروویان یاخود بۆ سامانیان نەبات !.. لەبەرئەوە ، ئەبێ وریای خۆی بێ ، کە خۆی وانیشان نەدات بۆ ئەتەوە ، کە شازادەیەکی دەمدەمی و ڕاڕایە ، کە هەر خەریکی بەزمو ڕەزمو خۆش ڕابواردنی خۆیەتی ، کە شەرمن و ترسنۆکە ئاوێری سەنگ بەرێتە پێشەوە ، پێویستە بەپێچەوانەی ئەوانە ، خۆی وانیشان بدات کە شازادەیەکی گردەوەکەوتوویە ، دەروون بڵندە ، دڵ پڕ لە هێزە ، بەخێک و بەرەبەرە نیە ، خۆی ڕائەگرێ بەرامبەر کارەساتی ساماناکی ڕۆژگار ، خاوەنی بیروباوەڕو بڕیاریشە ، قسەی خۆشی هەر ئەڕیاتە سەر !...

چونکە هەر شازادەیەک تیوانی ناوبانگی وەها بۆخۆی دەربکات ، دوژمنەکانی گەر لێکۆمەڵی نەتوانن لێی بکەن ، ناشتوانن داوی بۆ بنێنەوە ، یاخود هەوڕەشەی بینەسەری .

چونکە ئەو وا ئەچێتە مێشکیانەوە ، کە خاوەن دەسەڵاتە هەموو شتێکی لە دەست دێ بیکات ، کە ئەتەوەکەشی ڕێزی لێ ئەگرێ !..

چونکە شازادە ، فەرمانی سەرشانیەتی کە دوو جۆرە ترسی

institut kurde de paris

بچاتە دڵی کەسانی ترەوە. جۆرێکیان ترسی ناوخۆیە کە ئەبێ
بچاتە دڵی ئەتەوەکەی خۆیەوە، ژێردەستەکانی خۆیەوە.
جۆرێکیشیان ترسی دەرەوەیە، کە ئەبێ بچاتە دڵی فەرمان
ڕەواکانی بێگانەکانەوە. ئەو شازادەیەش کە ئەتەوە
کەی دڵنیایی خۆشی ئەوێ ولەی ئەو ترسی و لەشیتی ئەگرێ،
ئەتوانی ترس بچاتە دڵی دوژمنەکەیەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەو
شتانەی [illegible] لەسەرەوە پێشنیارم کردنەوە، لە فەرمانداریە
کەی دا بەکاریان بهێنێ و خۆشی دوور بچاتەوە لە ڕقیم و
قین و ڕق هەڵسانی ئەتەوەکەی خۆی. بەڵام ئەوەیشیان لە
بیر نەچێ کە جاری واهەیە ڕقیم و قینی ئەتەوەوە لەوەوە پەیدا ئەبێ
کە شازادە کارێکی چاک و بەکەڵک ئەبوورێنێ!..
هەروەک [illegible] لە بەدکرداریشەوە پەیدا ئەبێ!.. جا لێرەدا
ڕاستی ی قسەکەی پێشووم دەرئەکەوێ، کە گوتم هەر
شازادەیەک ئارەزووی ئەوە بکات فەرمانداریەکەی
خۆی بپارێزێت، زۆر جاری واهەیە ناچاری کەتی و تاوان
کردن ئەبێ. چونکە ئەو دەستە و کۆمەڵەی [illegible] بە پێویستی [illegible]
ئەزانێت [illegible] لەگەڵیاندا بێ و هاوگرت بێ، سانایا هەرمە
ئەتەوەکەت بێ، یاخود سەربازەکانت، یان چینی بالا،
کە ئەوانە بەدکار بن، تۆیش ناچاریت لەگەڵیاندا هەڵ بکەیت و

institut kurde de paris

بەجۆرێ دڵی ئەوانیش بڕۆیت بەڕێوە . چالە بارێکی وادا ، دوور
نیە کاری چاك وبەکەڵك ، بە دڵی ئەوان نەبێ ، بەخۆشیت
زیان بگەیەنێ !..

لە شاهەنشاهی روما ، (( سیفیرس )) ئەگێڕنەوە ، ئەوەندە
توانا وبەکاربوو ، لەشکرەکەی بە دڵ خۆشیان ویستوە . لە حاکمەکەی
خۆیدا بە کامەرانی پەرەی ئیسوار دوە . لەگەڵ ئەوە لەشیدا بەرامبەر
نەتەوە زۆر داربوو !... چونکە کردەوەی مەردانەی وای هەبوە ،
دڵی سەربازەکانی کێشی کردوە ، نەتەوەلێشی گەشتەدار کردوە
لێرەدا بەکورتی ئەوە پیشان ئەدەم کە (( سیفیرس ))
چون هونەرمەندانە وەك شێرێ و وەك رێوی لێی
رەووشتی کردوە . لەراستیدا (( سیفیرس )) برێتیبو لە
سەرکردەیەکی لەشکری روما لە ( سلوڤانیا )دا . ئەوکاتە
شاهەنشام (( بەرتیناکس )) بو ، کە لەبەر کۆگربونی
بەکردەوەی شێرینەوە ، سەربازەکانی لە پێشوی ونازاوە
بەربەست کردبو . ئەوانیش لەسەر ئەوە قینیان لێ هەڵسا ،
رۆژێکیان لێی هەڵگەڕانەوە کوشتیان . (( سیفیرس ))
لێی ئەوەندە هاندی سەربازەکانی خۆیدا ، لەجێی چەواشە
بون لەگەڵیا رولێشتنەوە بۆ روما ، تا تۆڵەی شاهەنشاه
(( بەرتیناکس )) لە دوژمنەکانی بکەنەوە . هەر ئەوەندەی

institut kurde de paris

گەلیشە «روما» ، کۆڕی ڕیش سپی یان (سنات) ، هەڵیان
بژارد وکردیان بە شاهەنشام . ئەوانە لە ترسانا کردیان بە
شاهەنشام . ئەولیش «جولیانوس» شاهەنشاهی دوای
«برتیناکس»ی کوشت .

«سیفیرس»ی دوو بەرهەڵستی هاتە پیش دەم ، کە بە
هوی ئەوانەوە نەیئەتوانی بە سەر شاهەنشاهیەکەدا
زال بێ . یەکیکیان ئەوە بوو کە سەرکردەی لەشکرەکانی
ئاسیا ، خوی کردبو بە شاهەنشام .
یەکیکیشیان ئەوەبو کە «ئەلبینوس» لە ڕوژئاوادا هەڵسا
و دەستی کرد بە خەبات کردن بو دەست کەوتنی تەختی
شاهی .
جا لەبەر ئەوە دەستی کرد بە چەواشە کردنی «ئەلبینوس» :
بوی نوسی کە بە سەربەرزی ی دائەنێ بو خوی لە ئەو هاوبەشی
دەکات لە و پایەیەدا کە کۆڕی ڕیش سپی یان خویان بویان هەڵ
بژاردوە . پاشی ناوی «سیزار» لیی نا و بە خەشی ولوی
نارد . پاشی ئەوە وەرگەرایەوە سەر سەرکردەی لەشکرە
کانی ئاسیا ، چوو بەگژیا ، شکاندی و ، کوشتی .
کە ئاسیای دامرکاندەوە و لێ دەنگی کرد و خیلەی بەردا
گرت ، گەڕایەوە روما . ئنجا لە کۆڕی ڕیش سپی یان دا

institut kurde de paris

«ئەلبنوس»ی بەدناو کرد بەو تاوانەوە کە کەمتەرخەمی
کردوە لەبەرجێ هێنانی فرمانی پایەکەی خۆیدا. کە لوینەوەیش
تێکوشاوە «سێفێریس»، خۆی، لەناوببات، لێ ئەمری
تاوانێکی لێ دوز ببەستەوە. کوڕی زلیشی پاپنیش، پڕێ یان
دا بچێتە سەرتۆ و تۆلەی لێ لکابەوە. «سێفێریس»یش
ئاشتەوخۆ رووی کردە فەرەنسا و «ئەلبنوس»ی لە
ناوبرد.
حالەم وە بومان دەرئەکەوێ کە «سێفێریس» هەروەک
شێرێکی پیاو شکێن بوە، ریوی یەکی بە فرو فێلیشی بوە.
بەلام لە هەموو لایەکیشەوە ڕێزێکی لێ ئەگیرا. لەشکرەکەی
خۆلیشی قینیان لێی ئەبو، خۆشیان ئەولیست.
کوڕەکەلیشی کە ناوی «ئەنتۆنیوس» بو، لە باوکی خۆی کەمتر
ئەبو. کردەوەی وەشی هەبو کە ئەترەوەلیشی و سوپالیش
بەدل پەسەندیان ئەکرد و خۆشیان ئەولیست. بەلام
درندەیی و دڵرەقی یەکەی لە هەموو ئەندازەیەک بەدەر
بون. ئەوەندە کەسی لەناوبرد بەکوشتن لە شاری «روما»و
«ئەسکەندەریە»دا، لەبەرچاو هەموو کەسێک کەوت،
هەموو جیهان رقیان لێی ئەبوەوە. تەنانەت ئەوانەی کە
نزیکیشی بون، ترس پەری یە دڵیانەوە و لێشی وقینیان بو

institut kurde de paris

هەڵگرت. تا گەیشتە ڕادەیەکی وەها، کە لە ناوەڕاستی لەشکرە
کەی خۆی دا کوژرا.

جا هەر کەسێ لە کارەساتەکانی مێژوو وورد بێتەوە،
بۆی دەردەکەوێ کە لەشکر و قەڵغان و تفەنگ و لیستی بوون بەهۆی
لەناوبردنی ئەمیری ئەو شاهەنشاهانە.

## ڕووت کردنەوەی نەتەوە لە چەک
## ئەنجامی بەپاشاگەرێ!

هەندێ لە شازادەکان، لە پێناو پاراستنی خۆیان دا، هاونیشتمانە
کانی خۆیان ڕووت ئەکردەوە لە چەک. هەندێکیشیان دەستیان
ئەکرد بە دابەش کردنی زەوییەکانی ژێر دەستەکانی خۆیان.
هی واشیان تیا بوو، بەربەرەکانێیان ئەکرد و کەسانی تریان
لە خۆیان ئەوە وروژاند. کەچی هی واشیان تیابوو، ڕەنجی ئەدا
بۆ ئەوەی دڵی ئەوانە کێشی بکات کە لە سەرەتای فەرمانداریی دا
لێیان دڵگرمێ بوو...! هی وایان تیابوو شارەکەی خۆی دیوار بەند ئەکرد و
کەڵاتی لە دوروست ئەکرد. کەچی هی واشیان تیابوو هەر دیوارو
کەلاتێک هەبوو تێکی ئەدان. هیچ کەسێکیش ناتوانێ
بڕیارێک دەربارەی ئەم کارانە دەربکات، تا نەچێتە

بچووکیانەوە. جا لەبەر ئەوە بە جۆرێکی گشتی لێیان ئەدوێم،
ئەوەندەی ماوەم هەبێ.
تا ئێستا هیچ شازادەیەکی وا نەناسراوە، کە تازە هاتبێتە
سەر تەخت و شیر دەستەکانی خۆی لە چەک ڕووت کردبێتەوە.
بەپێچەوانەوە، ئەوانە هەروا بینراون کە هەرکامێکیان لێ چەک
بووبێ، چەکی داوەتە دەستی. بۆ ئەمەی بۆی ببنە سەرباز
لە کاتی تەنگانەدا. جا لەبەر ئەمەی چەکیان لێ داوە بە هەموو
کەسێکی ئەتەوەکە، لە توانای هیچ شازادەیەک دا نییە،
تۆ ئەتوانیت بە هەندێکیان چەک ببەخشیت، لەگەڵ ئەوانی تریشدا
هەڵ بکەیت، لێ ئەمەی لە کەس ترسیت لەشکست لێ بکەن.
چونکە ئەم جۆری کردنەوەیە لە گەڵ نیوەی بەشی چەک دابەش
کردن دا ئەبێتە هۆی ئەوەی هەر کەسێ چەکی وەرگرتوێت
ببێتە دڵسۆزت. هەر کەسێکیش چەکی بەر نەکەوتووە، بیانوو
بە کەت بۆ بدۆزێتەوە. لەوەشی تێ ئەگات کە ئەوانەی چەکیان
دراوەتێ، لەو کەسانەن کە توانای جەنگیان هەیە، لەبەر ئەوە
باری ئەوان گرانتر و سامناکترە لە باری خۆی.
بەلام کە تۆ ئەتەوەکەت هەموو بێ چەک کرد، لە ڕاستی دا لێیان
ئەکەیت. نادڵنیایی خۆشیت بەرامبەری ئاشکرا ئەکەیت.
ئەوەشی وا لێک ئەدرێتەوە کە یان لێیان ئەترسیت، یا خود

institut kurde de paris

پشتیانی لێ نابەستێت . بەم رەنگە دڵی نەتەوەکەی خۆت پڕ
ئەکەیت لە بێم و قین ، لە دوژمنایەتی ، بەرامبەر خۆت ..
ئەوسا کە ناچار ئەبێت پەنا بەرێتە بەر سەربازانی بەکرێگیراو،
کە لەوەیشی ئەنجام خراپی ئەوەشیان تێگەیاندیت .
کەواتە باشترینە شازادە ، نەتەوەکەی خۆی بەچەک بکات .
مەگەر شێردەستەکەی ، دانیشتوانی ناوچەیەکی تازەبن ، کە
تازە خاکەکەیانی خستبێتە سەر خاکە کۆنەکەی خۆی .
دەسەلات پەیداکردنێک بەسەر نەتەوەدا ، لە رێگای
جوێ کردنەوە و ناکۆکی خستنە ناویانەوە بەکەلکترە لەوەی
کە بە هۆی دروست کردنی کەلاتە و دیوارەوە بکرێ .
هەرچەندە من ئەوە بە زرنگ کارییەکی باش دانانێم .
چونکە هەر شارێک بەربەرەکانی و ناکۆکی تێ کەوتە ناوەوە ،
ئێک ئەچێ ، بەرامبەر هیچ دوژمنێکیش خۆی ناگرێ ، ئەشکێ !
گەلێک شازادەی واشی هەن ، بەتایبەتی ئەوانەی تازە
چوونەتە سەر تەخت ، کە دڵسۆزی و چاکەیان لەوانە دیوە
کە لە سەرەتای فەرمانداری یاندا لێیان دوو دڵ بوون ،
بەجۆرێکی واش کە لە هی ئەوکەسانە زۆرتر بوە کە لە سەرە
تای فەرمانداری یاندا پشتیانی لێ بەستوون . منیش لێرەدا
هەر ئەوەندە ماوەم هەیە کە بڵێم ، ئەوانەی لێ دەرچێ کە هەر

institut kurde de paris

لەسەرەتای فەرمانداری یەکەوە دوژمنایەتی خۆیان ئەنوێنن
بەرامبەر بە فەرمان ڕەوایەتی تازەکە، بێتر هەرکەسێکی تر
ئەمێنێتەوە، بە ئاسانی ئەکرێن بە دوست و ئاشنا، ئەگەر لەوانە
بن کە بۆ پاراستنی جێگای خۆیان بگەڕێن. ئەوانە لەشی کە
کارگە لەشێتە ئەوە، ناچار ئەبن بە دڵسۆزی یەکەوە کاری
شازادە ڕابپەڕێنن. بە هەموو کوڵی دڵێشیانەوە تێئەکۆشن
کارێکی وا بکەن، شازادە هەرچی لە دڵدا هەبوو
بەرامبەریان، لێی پاك ببێتەوە.. چاکە بەرتەوە، ئەوانە
زۆرتر بەکەڵکی شازادە دێن لەوانەی کە لە جێگاکانی
خۆیان دڵنیا بوون هیچیان لێ نایەتن، هەرچەندە خۆیان
دوستی شازادە ئەزانن، بەلام ئەوەندە بەرە خۆیانی
لێ ئەکێشنەوە و دەست ئەدەن کەم ئەرخەمی و بەتەنگە
کەڵك و چاکەی ئەولیشەوە نایەن!..
چاوەتە وەسەر کەینە و بەینەی کەلاتەکان و دیوارەکان.
ئەو شازادەیەی لە نەتەوەکەی خۆی زۆرتر ئەترسێ،
تالە بێگانە، ئەتوانێ کەلات دوروست بکات بۆ خۆی..
بەلام ئەو شازادەیەی لە بێگانەکان زۆرتر ئەترسێ،
تالە نەتەوەکەی خۆی، هیچ پێویستی یەکی بە کەلات دوروست
کردن نیە.. چاکترین کەلاتیشی ئەوکەلاتەیە کە لە ناو

institut kurde de paris

دڵی ئەتەوەدا دروست بکرێ، لە خۆشەویستی بەرگری ئەتەوەیش
دروست بکرێ. چونکە هیچ کەلات و دیوارێک لە دەست
کارەساتی ڕۆژگار ڕزگارت ناکات، ئەگەر ئەتەوە
کەت خۆشی نەوێی!

## ئاستی لەکانی دۆستایەتی و دوژمنایەتی دا

هیچ شتێکە وە زۆرتر پایەی شازادە بلند ناکاتەوە، کە پرۆژەی
گەورە گەورە و بە کەڵک بونەتەوە بهێنێتە کایەوە، کە کارگوزاری و
ئازایەتی ی خۆی پیشان بدات. نزیک ترین وێنەشی بۆ
ئەوە «فەردیناند»، خونکاری «ئاراگون»، خونکاری
«ئیسپانیا» یە کە لە گۆڕێی دووەمی سەدەی پانزە هەڵدەژیا.
چونکە ئەو بە شاهێکی تازە دائەنرێ. چونکە ئەو خۆی خۆی بلند
کردەوە، لە کزی یەوە بازی دا و چووە ناو ناوبانگ و گەورەیی
یەوە، تا وای لێ هات بوو بە یەکەم خونکار لە ناو هەموو فەرمان
ڕەوایی یە گەورەکان دا. لە سەرەتای فەرمانداری یە کەی دا دەستی
کرد بە هەڵمەت بردن بۆ سەر [گارناد]ە. ئەم پرۆژەیە بووە
ناوەکی فەرمان ڕەوایی یەکەی. چونکە بە هۆی ئەوەوە، سەردارە
کانی [کاستیل]ی خستە پەژارەوە، لە هیچ بیریان نەئەکردەوە

لە شەڕنەبێ!.. بەهۆی ئەوەوە لە پەندو پەراوێزیان، لە تەڵەکەبازییان
خۆی ڕزگار کرد. لێ ئەمەی ئەوانە بە خۆیان بزانن، بە سایەی
ئەوانەوە ناوبانگ و دەسەڵاتیشی دەست کەوت. توانی بە
هۆی پارەکانی ئینگلیزەوە، لەشکر پێکەوە نێ. بەهۆی ئەو جەنگە
دوورو درێژانەشەوە کە ئەیکرد، هێزەکانی جەنگیی خۆی بڵاو
دابەزێنێ. بۆ ئەمەی پرۆژەی لەوانە گەورەتر بهێنێتە کایەوە،
ئاینی کرد بە پەردەپۆشی و نیازەکانی خۆی لەو دیوییەوە
شاردەوە. هەروەشی بردە سەر زوورووی ئەفریقا، هەڵمەتی
دایە ئیتالیا، پەلاماری فەرەنسیشی دا. جا بەهۆی ئەم پرۆژە
گەورە گەورانەوە کە پەیتا پەیتا ئەیهێنانە کایەوە، ماوەی
نەئەدا بە ژێردەستەکانی خۆی کە لە خۆیان بدوێن و بیری
لێ بکەنەوە، هەموودەم ئەیخستنە داماوی و سەرسوڕمانەوە، هەر
بە لێ دوور دەبوونەوە لە فەرمانە گەورەکانی خۆی چەپڵەی بۆ کردن، ماوەی
نەئەدان بیر لە نگاری‌ی بکەن!..

هەروەها شازادەم بەوە پایەی بلند ئەبێتەوە لە پێش چاو
نەتەوەکەی دا، کە لە دۆستایەتی و دوژمنایەتی دا، وەک
یەک ئاشکرا و ڕاست بێ. ئەم جۆرە زیرەکە کاری یە
هەموودەمێک لە زیرەک کاری‌ی «بێ لایەنی» بەکەڵکترە.
ئەگەر دوو فەرمان ڕەوای دراوسێ چوون بە گژ یەکدا، هەر

institut kurde de paris

وەها چاکترە کە بە ئاشکرا پەیوەندی خۆت بەرامبەر هەردوولیان
پیشان بدەیت و، لێ بچیتە پشەرەوە. چونکە ئەگەر نەچویتە
پشەرەوە، زۆریکی ناچێ هەر فرمان رەوایە کیان لە شەرە
کەدا سەرکەوت، بە پەلاماری تۆ ئەدات و وەک نێچیر راوی
تۆ ئەکات. ئیتر ئەو ساکە فرمان رەوایە شێر کەوتووە
کە پێشی لێت ئەڵەوەستی، گلەیی و بۆڵە بۆڵ کردن!.. ئەوەیش
لەبەر ئەوەیە کە فرمان رەوایە سەرکەوتووەکە لا لەوە
ناکاتەوە کە لەکاتی تەنگانەدا نەگەیشتووە بە فریایا. هەر
وەها فرمان رەوایە شکەوتووەکەیش خوی لەو
فەرمانداره ناگەیێنێ کە لەکاتی تەنگانەکەی دا لەسەری نەکردوو
تەوە. بە جۆرێکی ئاشکرایی، «بێ لایەنی» هەر لەو خونکارانە
ئەوە پێشتەوە کە ترسنۆکن و لێپیچ بۆخۆیان نایەستن،
واتە ئەوانەی دوو دڵن. مەبەستیان لەو لایەن نەگرتنە
یان ئەوەیە کە خۆیان لەو تەنگوچەڵەمانە بپارێزن. کەچی
زۆری پێ ناچێ خۆیان لەناو ئەبەن. پێویستە لێرەدا ئەوەیش
پیشان بدەین، کە نابێ شازادە سوێند خواردی لەگەڵ ئەو
شاهەڵدات کە لەخوی بەهێزترە، هەر بۆ ئەوەی زیان بە
کەسێکی تر بگەیێنێ. ئەگەر پێویستی یەکی زۆر گرنگی بەو کارە بوو،
ئەوە جیایە. چونکە ئەگەر لە شەرەکەدا سەرکەوت، تۆیش

insititut kurde de paris

لەژێر خەیاڵیا ئەمێنێتەوە. بەلام ئەگەر هەر چارەت نەبو ئەوەبکەیت،
لەبەر ئەو هۆیانەی کە لە سەرەوە ناومان هێنان، باری
خۆت دیار دڵی بکە.

هەروەها پیویستە لە سەر شازادە، کە بۆ ئەوانەی بلیمەت و
هەڵکەوتوون، خۆشەویستی خۆی پیشان بدات. ئەوانەی
کە خاوەن دەسەڵات و کارگوزارێتین، بیانخاتە سەروو ئەوانەی
ترەوە کە وانین. ئەوانەی کە لە هونەرەکانا شارەزا
وەستای ئەنوێنن، بەخششەی یان لەگەڵدا بکات..
هەروەها شێرە دەستەکانی خۆی، تیژ بکاتە سەر سەرکەوتن
و هونەرمەندی نوێکردن لە فرمانەکانیان دا، چ لە کۆڕی بازرگانی دا
بێ، چ لە کۆڕی پیشەسازی، تا وا نەهێنن لەگەشە
کردن بەشریان و گوزەرانی خۆیان، لەترسی ئەوەی سامانەکانیان
لێ داگیر بکرێ. یان لەژێر باری باجەکاندا بجرێنە نالەنالەوە..
هەروەها پیویستە لە سەر شازادە، لەکاتەکانی سالدا، ئەتەوە
بە جەژنان و ئاهەنگانەوە خەریک بکات. بێجگە لەوە ئاگاداری
لەوەی کە هەموو شاریک چەند چین و چەند تیرەی تێدایە. تا ناو
بەناو تێکەڵیان لەگەڵدا بکات و هەندێک لە گیانی سووکی
کردەوە بلیمەتی خۆڵیشیان پیشان بدات. بەلام
ئەبێ وریای خۆی بێ، هەموو دەم گەورەیی و بەرزی و پیرۆزی

insititut kurde de paris

جیگا و پایەکەی خوی بپارێزێ !..

## بام شاەزادە خوی بپارێزێ لە دوو ڕووە

هەلبژاردنی کاربەدەستان و یارمەتی دەرانێک بو شاەزادە شتێکی ئاسان نیە . چونکە پیاوەکانی شاەزادە ، نیشانەی ژیری و تێگەیشتوویی ئەون .. ئەگەر ئەوانە بەکار و کارگوزار و دلسوزبن ئەوە وا پیشان ئەدات کە خونکار ژیریشە و تێگەیشتوویشە .

ڕێگایەکیش هەیە بو ئەوەی شاەزادە کاربەدەستی چاک بدوزێتەوە بو خوی . ئەو ڕێگایە هەرگیز بە هەلەی دا نابات . ئەگەر سەرنجت دا کاربەدەستەکەت بیر لە خوی زورتر ئەکاتەوە لە تو ، لە هەمو کارێک دا هەر بو کەلک و چاکەی خوی ئەگەڕێ ، ئەوە بزانە کە ئەو پیاوە کاربەدەستێکی لێ دەرناچێ و بە کاری تو لیشی نایەت ، هەرگیز نابێ پشتی پێ ببەستی !..

لە ڕێکی ترشەوە ، پێویستە شاەزادە بیر لە کاربەدەستەکەی خوی بکاتەوە ، پیاوەتی لە گەل بکات ، دەولەمەندی بکات ، پایەی بلند بکاتەوە و ڕێزیشی لێ بگرێ . کاری گەورە گەورەشی لێ بسپێرێ . ئەمەش بو ئەوەی کە بەدلسوزی لەگەلیا بمێنێتەوە !..

بایەتێکی گرنگیش هەیە کە زور جاریش شاەزادەکان هەلەی تیا

ئەکەن . ئەوەیش بابەتی دوو ڕووە ، میچکە میچکە کەرەکانە ، کە هەموو دەم
لە کۆڕی شازادەکاندا ئەبینرێن . لەبەر ئەمەی پیاو بەو میچکە میچکە
کردنانە چەواشە نەبێ ، هیچ شتێک لەوە چاکتر نییە ، کە هاودەم و هاو
کارەکانی خۆی لەوە دڵنیا بکات کە ئەگەر ڕاستی ی پێ بڵێن لێیان
تووڕە نابێ . ئەوە ئەوەیشی هەیە ، ئەگەر هاتوو هەموو کەسێک
بەوێت قسەی لەگەڵت لەبەردەمتا بکات ، زوری پێ ناچێ ، لەبەر
چاویان ئەکەویت و ڕێزت لێ ناگرن !.. لەبەر ئەوە شازادەی
تێگەیشتوو ڕێگایەکی ناوەندی ئەگرێ . بو ڕاوێژ کردن پیاوانی تێگەیشتوو
هەڵ ئەبژێرێ . تەنیا ڕێ بەوانیش ئەدات کە هەر شتێکی لێ پرسین ،
ڕاستی ی پێ ئەڵێن . بەڵام ئەگەر لێی نەپرسین ، لە خۆیانەوە هیچ
نەڵێن .. پێویستیشە لەوانە بەولاوە گوێ لە کەسی تر نەگرێ ،
پاشان ئەوە ، باش لەو شتە باشی بکۆڵێتەوە ، ئینجا بڕیارێکی خۆی
لەسەر بدات . بەڵام ئەگەر بڕیاری دا ، پێویستە بڕیارەکەی خۆی
بباتە سەر ، لێی پاشگەز نەبێتەوە !.. بەم ڕەنگە ، پیاوای
بە باشی ئەزانێ ، کە شازادە هیچ بڕیارێک نەدات ، تا ڕاوێژ
بە پیاوی تێگەیشتوو ئەکات ، بەڵام کاتێک ئەوە بکات ، کە خۆی
ئارەزووی ئەوە بکات ، نەک کاتێ کە کەسانی تر ئارەزووی ئەوەی
بکەن .. تەنانەت پێویستە ڕێ بە کەسیش نەدات ئامۆژگاری ی
بکات ، تا خۆی ئەو ئامۆژگاری یەی لێ نەخوازێت .. ئەگەر پرسکی

institut kurde de paris

کرد ، بەڵام چەندێ زرنگی و گەورەیی بەوە ببڕێت . ئەگەر گوێ لێشی
گرت لە ڕاستی بانێکی کە پرسی پێکردوون ، بەڵام بە شێنەیی و
لەسەرخۆوە گوێ بگرێ . ئەگەر بێتو شازادە زیرەک
و تێگەیشتووانە نەچوو لێیەوە ، زۆری لێ ناچێ ڕاوێژبەخشە
کانی وا لە دەوری کۆبوونەوە خۆ ئەدەنە کەلک و چاکە بۆ خۆیان .
دواجار ناتوانێ هەموو شتیان لێ ڕاست بکاتەوە ، یاخود
لە پەندو ڕاوێژیان لێ تێبگات !..
منیش وەنەبێ لەوە ئاگادار نەبم ، کە زۆر کەسی وا هەن
بڕوایان وایە ، کە کارەساتی جیهانی لە دەست خواو چارە
نووس دایە . کە لە توانای مرۆڤدا نیە ، هەرچەندی
تێگەیشتوویی خۆیان بخەنە کار ، ئەو کارەساتانە بگۆڕن .
کەواتە بە خۆڕایی خۆیان بەوەوە ماندوو ئەکەن .
من ، خۆشم ، بەلامەوە وایە ، کە لە ڕاستی دا چارەنووس
دەسەڵاتی هەیە بەسەر نیوەی کردەوە و کارەساتەکاندا ،
بەڵام دەسەڵاتی بە خۆشمان داوە کە بەسەر نیوەکەی تری
ئەو کارو بارانەمان دا زاڵ بین .. چارەنووس هەر لە ڕووبارێک
ئەکات . ئەگەر ئاوەکەی هەڵسا ، دەشت و دەر بە جارێک
نوقمی ئاو ئەکات . دارو درەخت هەڵ ئەکێنێ لە بن . خانوو
بەرەڵێی تێک وەرکان ئەدات . هەموو شتێک خۆی ئەدات

institut kurde de paris

بەدەست شۆڕشەکەیەوە، چی لێ ئەکات ئەیکات، ناتوانێ بەرەنگاری
بکات.. کەچی لەگەڵ ئەوەشیا، خوا ئەوەندە شیرین کردارە، کە
ڕقەکەی ئەنیشێتەوە و دائەمرکێتەوە و بێ دەنگ ئەبێتەوە،
مرۆڤەکان ئەتوانن بۆ پاراستنی خۆیان، هەموو کارو بارێک هەڵ
بسووڕێنن: پرد دروست بکەن و بەند هەڵ بەستن...
هەروەها چارەنووسیش، تەووژمی گوڕی خۆی ئەنوێنێ،
ئەگەر مرۆڤەکان خۆیان ئامادە نەکەن بۆ خۆپاراستن لەو
هێزو تەووژمەی، یا خود بۆ بەرگە گرتنی ئەو هێزو تەووژمەی
ئەولێ دەست لەو لایە ئەوە شتێ کە بەندی بۆ دروست
ناکات لە جێی خۆی ڕای بگرێ!!

بڕوالیشم وایە کە شازادەی کامەرانی ئێوە کەسێکە کە بەڵێی
پێویستی ڕۆژ و ڕووداوی ژیان بەکەوە بچێ. جا ئەگەر
ڕۆژ و ڕووداوی ژیان بەباشی هاتنە پێشەوە لەبەر ئەو
شازادەیە لە هەموو کردەوەکانی خۆیدا، دووربینی
و تێگەیشتووی ئەخاتە کار، بێگومان لە فەرمانداریی
کەی خۆیدا سەر ئەکەوێ!..

**تەواو بوو**

١٦-١-٩٦٦

institut kurde de paris

# ژیانی ماکیاڤیللی

ماکیاڤیللی لە پیاوانی فەرمانداری و راستی
پەرستەکانی زەنگەکاری بوە. لە ساڵی ١٤٦٩
دا لەدایک بوە. کە ئەشیوە بلیندترین پایەی
لە (کوماری فلورەنسە) دا، پاشان خانەدانی
(میدیچی) دلیانلی کرد و لە فرمان
دەسیان کیشایەوە، لەوناوەش پەیشلاییان
برد وە. بەلام زۆری پێنەچوو خۆی لەگەڵیان
رێک خستەوە و چوە قەومی ی خۆی.
هەندێ نوسراوێکی هەیە بابەت «هونەری شەر
کردن» و «مێژووی فلورەنسە» وە
گەورەنوسراوی (شازادە) پرنس دوانوسراوی
بوە، کە لەساڵی ١٥١٢ دا دەستی کردوە. بەلام
نوسراوەکەی تا ساڵی ١٥٣٢ بڵاو نەکرا بوە
وە. واتا لەپاش مردنی خۆی بە پێنج ساڵ
بڵاوکرا بوەوە.